# دەزگا هەواڵگرییەکان لە عێراقدا

## ١٩٦٨- ٢٠٠٣

هەواڵنامەی کتێب

محمد فاتح

چاپی یەکەم – هەولێر

٢٠٢٣

## ناسنامەی کتێب

کتێب : دەزگا هەواڵگرییەکان لە عێراق (١٩٦٨ – ٢٠٠٣)

بابەت :مێژووی هەواڵگری

نووسین و ئامادەکردنی : محەمەد فاتح

تایپ و نەخشەسازی : هیوا کۆمپیوتەر

چاپ : چاپخانەی

تیراژ : دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی

(      )ی ساڵی (٢٠٢٣)ی دراوەتێ

# پێشەکی

هەواڵگری، ئیستخبارات–ئاسایش– بە هەموو شێواز و جۆرەکانیەوە، چەند زاراوەیەکن بۆ یەك ئامانج بەکار دەهێنرێن. ئەوانە پێکهاتوون لە تۆڕێك پیاوان بۆ سیخوڕی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان، دەربارەی چەند لایەنێکی دژوناحەز، رەنگە دۆستانیش بگرێتەوە... بۆ دامەزراوەیەك یان دەوڵەتێك، ئەگەر ناوخۆیی بێت یان دەرەکی.

هونەری هەواڵگر و سیخوری هونەرێکی زۆر کۆنە لە مێژووی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان. لای میسرییە کۆنەکانی پێش هەزاران ساڵ شارەزاییان دەربارەی هەبووە، هەروەها لە وڵاتی یۆنان و سەردەمی دەوڵەتی رۆمانین رەنگە چیرۆکی (ئەسپەکەی تەروادە) یازدە سەدە (پ.ز)، نموونەیەکی زەقی ئەو باسەی ئێمە بێت.

ساڵی (١٨٥٧)ز، فون مولکتە، فەرماندەی سەربازی بەناوبانگی ئەڵمانیا، لە وتارێکیدا بۆ ئەفسەرانی سوپاکەی خۆی دەربارەی رووداوێك، وتوویەتی: هێزی دوژمن سێ رێگای لەبەردەم بوو بۆ هێرشکردن، بەڵام ئەو دوژمنە رێگای چوارەمی هەڵبژارد، ئەو رێگایەش بەکارهێنانی چاو و سیخور و پیاوەکانی بوو لەناو بەرەکەی بەرامبەری.

لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، شێواز و هونەری کاری هەواڵگری و سیخوری زۆر پەرەیان سەندووە، وای لێهات، شەمەندەفەر .. فرۆکە.. ئۆتۆمبیل.. تا دەگاتە ئامێر و کەرەستەی زۆر بچووك، بەکار بهێنرێن و ببنە ئامراز لەم بوارە.

کاروبارە هونەرییەکان زۆرتر پەرەیان سەند، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا: وێنەگرتنی ئاسمانی، ئامێرە ئەلیکترونیەکانی بیستن و وێنەگرتن و گواستنەوەی دەنگ، تا دەگاتە مانگە دەسکردەکان کە بە ئاسمانی

دەرەوە دەسووڕێنەوە.. هەموو ئەوانە ئامراز بن لە کاری سیخوری و هەوالگری.

لە عێراق، لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام حوسینی دیکتاتۆر (١٩٦٨-٢٠٠٣) دەزگاکانی هەواڵگری بەرادەیەکی زۆر گەورە پەرەیان سەند، گۆڕانی کاریگەریان بەسەردا هات لە هەردوورووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، بە پێچەوانەی دۆخی پێشو، ژمارەیان زۆرتر بوو.. بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ تەرخان کرا، دەسەڵاتەکانیان گەورە و لە دەرەوەی یاساکان بوو.. ئامانجی سەرەکیشیان پارێزگاری بووە لە رژێمەکە و خودی سەرکردەکەی.

دیارە ئەوەش بە پێچەوانەی دەزگا هەوالگرییەکان لە جیهانی پێشکەوتوی دیموکراسی، کە ئامانجیان پاراستنی ئاسایش و ئاسوودەیی کۆمەڵگە و نیشتمان بووە، لە چوارچێوەی یاساکان و دەستور.

لەم چەند لاپەرەی دێت، هەوڵدەدەین رۆشنایی بخەینە سەر ئەو دەزگایانە، چۆنیەتی پێکهاتنیان.. ئەرك و دەسەلاتەکانیان .. و کارەکانیان .. کە پر بوو لە تۆقاندن و کوشتن و کۆتایی هێنان بە مرۆڤ ئەگەر تاوانبار بووایە یان بێ تاوان.

لە بەشێکی ئەم نووسینە، کۆمەڵە بەڵگەنامەیەك دەخەینەروو، دەربارەی کار و رەفتارەکانی ئەو دەزگایانە لەو سەردەمەی کە مێژووی باسەکەمان دیاری کردووە.

لە کۆتاییدا هیواداریـن ئەم نووسینە هاوکار بێت لە روونکردنەوە و تیشك خستنە سەر ئەو رژێمەی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چین و توێژ و کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بە دەس ئاسەوارەکانی دەناڵێنن.

**نووسەر**

# حزبی بەعس و کاری هەواڵگری

دەزگا هەواڵگرییەکان بەشێکیان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق (ساڵی ١٩٢١) پێکهاتوون، بەڵام بە شێوەیەکی بچووك و سادە بە براورد لەگەڵ دۆخیان لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام.

ئەو دامەزراوانە لەگەڵ رۆژگاردا و بە هۆی گۆران و پێویستیەکانی دەوڵەت، هەروها بە هۆی پەرەسەندن لە جۆر و ئاستی دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت، ئەوا ئەوانیش پەرەیان سەندووە، قەبارەیان گەورە بووە و ئەرکیان زۆرتر بووە. دامەزراوە ئەمنیەکان لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی بریتی بوون لە:

هۆبەی ئاسایشی گشتی، بەشێك بوو لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس لە شاری بەغداد، پاشان لە سەردەمی کۆماری لە ساڵی (١٩٦٠) بووە بەرێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ و بەستراوەتەوە بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق.

دووەم دامەزراوە، ئیستخباراتی سەربازی بوو، ئەویش بەشێك بوو لەناو وەزارەتی بەرگری عێراق، سەر بە (بەرێوەبەرایەتی حەرەکات)، دواتر بووە بەرێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ لەناو هەمان وەزارەت.

لە ئەنجامی کودەتاکەی ساڵی ١٩٦٨) بەسەر حکومەتەکەی –عەبدولرەحمان عارف–هەروەها گەیشتنی حزبی بەعس بە دەسەلات، گۆرانی گەورەبەسەر ئەو دامەزراوە هەواڵگرییانە هات، لە هەردوو رووی جۆرایەتی و چەندایەتیەوە.

دیارە رۆڵی سەرەکیش لەو گۆرانە بۆ کەسی –سەدام حسین– دەگەڕێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو ئەرکە حزبیەی کە پێی سپێردرابوو.

سەدام حوسینساڵی (١٩٥٦) پەیوەندی بە حیزبی بەعس کردووە، ساڵی ١٩٥٩) بەشداریکرد لە هەوڵی کوشتنی –عبدالکریم قاسم–سەرۆك وەزیرانی حکومەت لەو سەردەمە[(١)].

ساڵی ١٩٦٤ بە بریارێکی –میشیل عەفلەق–ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزب–سەدام– بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس دادەندرێت لە عێراق.

**لە راپۆرتێکی تایبەت لە ئەرشیفی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، بە مێژووی (١٤–تشرینی یەکەمی –١٩٦٤) ناوی ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی بەعس لە عێراق بەم شێوەیە هاتووە:**

١–عبدولکەریم ئەلشێخلی.

٢–سەدام حسین.

٣–تەلال فنەر ئەلفەسیەل.

٤–حەسەن نەسار ئەلعامری.

٥–خەیری عەبدولقادر الحەدیسی.

بەهۆی ئەو متمانە تەواوەی –ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر–ئەمینداری سەرکردایەتی حزبی بەعس لە عێراق بە کەسی (سەدام حسین) ئەوا ئەرکی بەرپرسیاریەتی دەزگای ئەمنی حزب (کەناو لێنرابوو–حەنین) بە سەدام سپێردرا[(٢)].

ئەو ئەرکە لەو دەزگایە رۆڵی کاریگەری گێراوە لە پێشکەوتنی سەدام و لە

(١) نواطير الغرب–حسن السعيد. ط/٢–٢٠١٥–بغداد–ص٣٢٥.

(٢) صباح ناهي، ٢٧ نيسان/٢٠٢٢ (www.independent.com).



هەواڵنامەی کتێب

ململانییە ناوخۆییەکانی حزب و کۆتایی هێنـان بـە رۆڵـی نـەیارانی ئەلبـەکر و سەدام حسین، هەروەها ئامادەکاری جێبەجێکردنی کودەتاکەی (١٧ تەموزی ١٩٦٨) و رووداوەکانی (٣٠تەموز ١٩٦٨).

ئەندامانی ئەو ئۆرگانە هەواڵگرییە زۆر بە نهێنی دیاریکران، ناوی زۆربەیان تـا ئێسـتا ئاشـکرا نـەبووە، هـەروەها ژمارەشـیان بـە تـەواوی نـەزانراوە، ئەندامانی ئەو دەزگایە تێکەڵی دام و دەزگاکانی حکومەت و سەندیکا و حزبە سیاسیەکان و باڵیۆزخانەکان بوون.

**لەو ناوانانەی کە ئەندامی دەزگاکە بوون و ئاشکرابوون.**

سـەدام حوسـێن (بەرپرسـی دەزگـا)، بـەرزان ئیـبراهیم تکـریتی، فـازل ئەلبەراك، سەعدون شاکر، سەمیر ئەلشێخلی، محەمەد فازل، عەلی رەزابـاوە، سەباح میرزا، نازم کزار، وهاب عەبدولوەهاب، جەبار کـوردی، سـتار کـوردی، قـەیس ئەلجونـدی، کامیـل عەبـدوللا، سـەلیم ئەلقەیسـی، محەمـەد مـەرهون، محەمەد قەدوری[(١)].

**بارەگاکانی دەزگای حەنین:**

ساڵی ١٩٦٨، پێش ئەوەی حزبی بـەعس بگاتـە دەسـەڵات لـە ١٧ تـەموز، ئەم دەزگایـە چـەندین شـوێن و پەناگـەی نهـێنی هـەبووە لـەناو و دەروبـەری شـاری بەغـداد (بەتایبـەتی لــە گەرەکـە دوور و شـوێن چـۆڵ و بــەکار نـەهێنراوەکان). بـۆ ئـەوەی ببنـە شـوێنی کۆبوونـەوە و چـالاکیەییەکانیان، دووریش لە چاودێری.

---

(١) موسـوعة السیاسـیة، د.عبـدالوهاب الکیـالي–جـزء /٣–ط٢–بـیروت، سـنة ١٩٩٣، ص٦٣٧.

پاش (١٧تەموزی ١٩٦٨) وگەیشتنی حزبی بەعس بە دەسەڵات بارەگای سەرەکی دەزگاکە لە کۆشکی –ئەلنیهایە–بوو، ئەو کۆشکە پێشتر ناوی کۆشکی –ئەلریحاب–بوو، شوێنی ماڵی پاشای عێراق فەیسەلی یەکەم، پاشان لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم کراوەتە نەخۆشخانە.

بەڵام سەدام حوسین نووسینگەکەی لە ژوورێکی کۆشکی –کۆماری– بووە، ئەو کۆشکە کە جێگای لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانی بەندکراوان بوو، لەلایەن سەعدون شاکر و نازم کزار بەرێوە دەچوو، لە ژێر چاودێری خودی سەدام حسین، هەر لەو شوێنە بەرنامەی کار و چالاکییەکانیان دادەنا بۆ لەناوبردنی نەیار و دژەکانیان.

دەزگای هەواڵگری –حەنین–دوای چەندین گۆران، لە کۆتاییدا بووە دەزگای هەواڵگری گشتی[(١)].

لە چوارچێوەی ئەم نووسینە باسی تێکرای ئەو دامەزراوە هەواڵگرییانە دەکەین کە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام حوسین پەریان سەند. ئەرك و چالاکییەکانیان، شێوازی کارکردنیان، بەرپرسە باڵاکانیان، ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، هەروەها لەگەڵ چەند نموونەیەك لە بەڵگەنامەکان.

□

(١) الأحهزة الأمنية في عهدي البكر و صدام–دونالد أوتشيل–ترجمة مصطفى نعمان–مكتبة المجلة–بغداد/٢٠٢٢، ص٧.

## یەکەم: ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق

ئەنجومەن بریتییە لە کۆمەڵە دەزگایەکی ئەمنی و هەواڵگری، خودی سەدام حوسێن (سەرۆك کۆمار) سەرکردایەتی دەکرد، هەروەها راستەوخۆ لەلایەن (قوسەی) کوری سەرپەرشتی دەکرا.

**ئەنجومەن کۆبوونەوەی هەفتانەی هەبووە، بارەگاکەی کۆشکی سەرۆکایەتی بوو لەناو شاری بەغدا، پێکهاتبوو لە بەرپرسی چەند دەزگایەك، ئەوانیش:**

١–بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی تایبەت.

٢–دەزگای ئاسایشی تایبەت.

٣–بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتی.

٤–دامەزراوەی ئیستخباراتی سەربازی.

٥–نووسینگەی کۆشکی کۆماری.

٦–سوپا.

**ئەنجومەن ئەم هێزانەی (سەربازی) خوارەوەی لە ژێر دەستدابوو:**

أ–هێزێکی دەست تێوەردانی خێرا، پاسەوانی تایبەت.

ب–هێزێکی دەست تێخستنی خێرا، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی.

ج–یەکەیەکی دسەت تێوەردانی خێرا، سەر بە ئیستخباراتی سەربازی.

د–یەکەیەکی سەربازی هەواڵگری، سەر بە ئیستخباراتی سەربازی.

## بەشی هونەری:

ئەو هێزانە بەستراونەتەوە لەگەڵ ژووری پرۆسە هاوبەشەکان (بارەگاکەی لە کۆشکی سەرۆکایەتیە)، بەهۆی چەند ئامێرێکی کۆمپیوتەرەوە، ئەو ژوورەش لەلایەن (قوسەی سەدام حسین) سەرپەرشتی دەکرا.

## لیژنەی ئاسایشی تایبەت:

لێژنەکە پەیوەندی بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەبووە، لەلایەن قوسەی سەدام حوسین سەرۆکایەتی دەکرا، ئەرکی سەرشانی ئەو لێژنەیە، بریتی بوو لە شاردنەوەی هەر جۆرە زانیاری و چەکێك بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەردەستی -پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لێژنەکە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، ئەندامانی بریتی بوون لە:

١-تاهیر جەلیل حەبوش ئەلتکریتی، بەرێوەبەری هەواڵگری گشتی.

٢-دەهام ئەلتکریتی، بەرێوەبەری بەشێك لە هەواڵگری گشتی.

٣-عەبد حمود، یاوەری سەدام و بەرێوەبەری نووسینگەکەی.

٤-فارس عبدولحەمید ئەلعانی، بەرێوەبەری نوسینگەی سەرۆکایەتی.

٥-نوێنەرێکی هێزی پاسەوانی کۆماری.

لە ژێر دەستی ئەم لێژنەیە (دوو هەزار) کەس کاری دەکرد، ئەوانە هەڵبژێردرابوون لەناو چەند دەزگایەکی ئەمنی و هەواڵگری، بەسەر دوو بەش دابەشکرابوون.

یەکەم: تیپی چاودێری و رێگرتن.

دووەم: تیپی گواستنەوە و شاردنەوە و لەناوبردن.

## هێزەکانی پاراستنی رژێمەکەی سەدام حوسین[1]:

ئەو هێزانەی کە ئەرکی پارێزگاری خودی سەدام حوسین و دەسەڵاتدارانی رژێمەکەی لە ئەستۆدا بوو، ژمارەیان دەگەیشتە سەرووی (حەفتا) هەزار چەکدار (لەناو چەند یەکەیەکی جیاواز) لەگەڵ (سێ) هەزار چەکداری دیکە بەناوی هێزی پاراستنی تایبەت، ئەمە سەرەرای هێزەکانی پاسەوانی کۆماری.

ئەو هێزانە بەم شێوەیە دابەش ببوون:

١–لێژنەی ئەمنی تایبەت (دوو هەزار) چەکدار.

–دەزگای ئەمنی تایبەت و دەزگای پارێزگاری تایبەت (پێنج) هەزار.

٣–دەزگای هەواڵگری (چوار هەزار) کەس.

٤–ئیستخباراتی سەربازی (شەش هەزار) کەس.

٥–ئەمنی سەربازی (هەشت هەزار) کەس.

٦–پاسەوانی کۆماری تایبەت (٢٦) هەزار کەس.

٧–هێزی فیدائیەکانی سەدام حوسین کە (عودەی) کورە گەورەکەی سەرپەرشتی دەکرد نزیکەی (چل) هەزار کەس بوون.

٨–هێزی پرۆژەی هادی (هەشت سەد) کەس.

هەواڵنامەی کتێب

(١) سەرچاوە :

-www.aljazeera.net ٢٠٠٩/١/١

-www.youtube (برنامج صباح الحمداني –سلسلة مقالات ٢٠٢٢/٧/٢٢)

## دووەم: -دەزگای ئاسایشی تایبەت [1]

ئـەم دەزگایـە سـالّی (١٩٨٤) دامـەزراوە، سـەرەتا لـە چـەند ئەفسـەرێك پێکهات، لە وانی لە بـواری ئاسـایش و هـەواڵگری کاریـان دەکـرد، هـەموویان خەڵکی ناوچەی تکریت و دەوروبەری بوون.

ئەوانە،  شارەزایی و توانایان لەو بوارە هەبووە، ئەرکەکانیان سنووردار و دیاریکراو بوو، بریتی بوو لە: پارێزگاریکردنی راستەوخۆی (سەدام حوسێن) و خێزانەکەی بوو. ئەم کارە پێشتر بە دەزگای هەواڵگری گشتی سپێردرابوو.

دەزگای ئاسایشی تایبەت میلاکی نزیکەی (پێنج) هەزار سەرباز و ئەفسەر و کارمەنـد دەبـوو، کـە هـەموویان جلوبـەرگی مـەدەنیان لەبـەر بـوو، لـە ژێـر چاودێری راستەوخۆی –قوسەی سەدام حوسێن– دا کاریان دەکرد.

**بارەگای گشتی کارگێری دەزگاکە دەکەوێتە گـەرەکی –تەشـریع–ی نـاو شاری بەغدا. ئەوانی بەرپرس بالاّبوون لەو دەزگایە بریتی بوون لە:**

١–سلیمان حاجم ئەلناسری، بەڕێوەبەری نوسینگەی کارگێڕی.

٢–موئەید سامی ئەحمەد ئەلدوری، سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی.

٣–عەباس عەیاش ئەلناسری، سکرتێری بەڕێوەبەری گشتی.

٤–کەریم سلیمان ئەلمەجید (یاوەری سەدام) بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت.

---

(١) سەرچاوە:

-www.arm.wikipedia.org
–www.Iraqs securtiy/2002

–واد البطل.د.الفریق سعد العبیدي ط١/٢٠١٢ بغداد، ص٣٨٥

**پەیکەری ڕێکخراوەیی دامەزراوەکە لە (٨) بەش پێکهاتبوو:**

یەکەم: نووسینگەی بەڕێوەبەر.

دووەم: نووسینگەی یاوەری کۆنتر.

سێیەم: بەشی ئاسایش.

چوارەم: بەشی بەدواداچوون.

پێنجەم: بەشی چاودێری وەزارەت و باڵوێزەخانەکان.

شەشەم: بەشی هەواڵگری.

حەوتەم: پەیوەندییە گشتییەکان.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی لیژنە تایبەتییەکان.

**ئەو هێزانەی پەیوەندییان بەم دەزگایە هەبووە بریتی بوون لە:**

هێزی پاسەوانی کۆماری.

هێزی پاسەوانی تایبەت.

هەموو ئەو شوێن و لایەنانەی پەیوەندییان بە کاری پاسەوانی تایبەت هەیە.

**ئەرکە بنچینیەکانی دەزگاکە:**

١-پارێزگاریکردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی دەوڵەت و خانەوادەکەی و کەسانی نزیکی، هەروەها هەندێ کەسایەتی گرینگ لە حزب و دەوڵەت.

٢-چاودێری بەردەوامی کەسانی گرینگی دەوڵەت و حیزب و سوپا و هێزە چەکدارەکان، هەروەها بە بەردەوامی و ماوە ماوە و لە کاتی کتوپڕدا، بۆ هەندێ کەسایەتی مەدەنی و سەربازی لە ئاستە جیاوازەکانی سەرکردایەتی و

باڵا، بەتایبەتی ئەوانی جێگای گومانن یان ئەوانی زانیاری نەرێنیان لەسەر هەیە.

٣-دۆزینەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان دەزگا ئەمنیەکان و رێگرتن لەوەی دەزگایەك زیاتر خۆی دەسەڵاتی باڵای ئەمنی وڵات بگرێتە دەس.

٤-بەرێوەبردنی ئەمنیەتی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری، لە ڕووی گواستنەوەی ئەفسەرانی ئاسایش لە نێوان دەزگاکان، یاخود کار پێ سپاردنیان.

٥-سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی هێزەکانی پاسەوانی کۆماری و هێزەکانی پاسەوانی تایبەت، وەك هێزێکی بنچینەیی بۆ پارێزگاری و دامرکاندنەوە، هەروەها زاڵبوونیش بەسەریاندا لە ڕووی دۆخی ئەمنیەوە، ئەویش بەهۆی گواستنەوەی چەند ئەفسەرێك بۆ ناو پێکهاتە و یەکەکانی سەرکردایەتی ئەو دوو هێزە، ئەوانەی دەگوازرێنەوە بۆ ئەو شوێنانە، دەبێ لە ئاستی زانیاری و پیشەیی تایبەت بن، مەرجیش نیە بەڕاستی ئەفسەر بن و پلە و پایەی سەربازییان هەڵگرتبێ، دەکرێ بەشێك لەوانە فەرمانبەری مەدەنی بن لە دەزگاکە و هەندێکیشیان ئەفسەری یەدەگ بن و کاری تیادا دەکەن و جێگای متمانە بن بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئاگادار بوون لەهەر دیاردیەك.

ئەوانە لە ڕووی هونەرییەوە راستەوخۆ بە دەزگاکە دەبەسترێنەوە (ئاسایشی تایبەت)، لە ڕووی کارگێڕییەوەش بە سەرکردایەتی سەربازی یەکەکانی کاری تیادا دەکەن، کە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر جوڵە و چالاکیان لە ڕووی ئەمنی و هونەرییەوە، هەروەها پشودانیان نابێت. بۆیە دۆخەکە بە جۆرێك بوو کە بوونیان وەك فشارێك بوو بۆ سەر سەرکردە و فەرمانده‌کانی

ئەو هێزانە بەشێوەیەکی بەردەوام.

٦-چاودێرکردنی ناڕاستەوخۆی سەکردە و فەرماندەکان لە هێزە چەکدارەکان، لە ڕێگای تۆڕێکی فراوان لە بریکار و نۆکەران، کە بڵاوبوونەتەوە لەناو هەموو دامەزراوە و پێکهاتەکانی سوپا.

٧-لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی کەموکورتی ناو دەزگاکانی حزبی بەعس و حکومەت.

٨-چاودێری هونەری و نا هونەری بەرپرسان.

٩-پێشنیارکردن دەربارەی هەندێ لایەنی ئاشتەوایی و کاری دورست، ناوخۆیی و دەرەکی بۆ حکومەت.

١٠- ئەنجامداندانی کاروچالاکی هەواڵگری لەدەرەوەی وڵات.

١١-سەکردایەتیکردنی کارای هەموو دامەزراوەکانی ئەمن و هەواڵگری، کە هەموویان سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیین و لەلایەن (قوسەی سەدام حوسێن) وەك جێگری باوکی سەرۆکی ڕاستەوخۆی دەزگاکەیە.

## چەند لق و بەشێکی دەزگای ئاسایشی تایبەت:

### لقی تایبەتی دەزگا:

بارەگای ئەم لقە دەکەوێتە گەڕەکی (ئەلتەشریع) ناو شاری بەغدا، ئەرکیشی چاودێریکردنی ئەندامانی دەزگاکەیە، هەروەها دڵنیابوون لە دڵسۆزی و ملکەچیان بۆ سەدام حوسێن. لە ناو بارەگاکە دەستەیەکی لێکۆڵینەوە و زیندانێك هەبووە.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لقەکە:

١-وەهاب ناسر ئەلدوری، بەرپرسی لقەکە.

٢-حەسەن خالید ئەلتکریتی، بەرپرسی زیندان.

٣-عەباس محەمەد حەمەد ئەلدلێمی، جێگری بەرپرسی زیندان.

٤-حەجی زوهیر حەمید ئەلتکریتی-بەرپرسی بەشی ئاسایش.

٥-سەباح عەلی ئەلدلێمی-یاریدەدەری بەرپرسی ئاسایش.

## تیپی تایبەتی ئاسایش:

تیپێکە ئامادەکراوە بۆ کاروباری بەپەلە و ناکاو، بە هاوکاریکردنی پاسەوانی کۆماری، شوێنی بارەگاکەی بەرامبەر تەلاری (کاتژمێری بەغدا) بوو.

دەستەی کارمەندانی بریتی بوون لە:

١-حەجی یەحیا زەکەریا ئەلتکریتی، بەرێوەبەر.

٢-زاری حەمید عەباس ئەلنەعیمی، یاریدەدەری بەرێوەبەر و فەرماندەی تیپی تایبەت.

٣-حەمەد عەبدولکەریم ئەلدوری، بەرێوەبەری تیپی بەغدا.

٤-سەعد نوفان ئەلجەنابی، بەرپوەبەری تیپی دەستێوەردانی خێرا.

٥-(نەقیب) سابر ئەلجیشی، بەرێوەبەری گواستنەوە.

## نوسینگەی پارێزگاری:

بارەگاکەی دەکەوتە ناوچەی -کشتوکاڵ-ی بەرامبەر ئەنجومەنی وزیران. ئەرکی نووسینگەکە، ئامادەکردنی پیاوانی پاسەوانی و پارێزگارییە بۆ کەسایەتییەکان.

بەرێوەبەرەکەی ناوی: حەبیب ناهی سلیمان ئەلحەدیسی، بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## دامەزراوە و بەشەکانی دیکەی دەزگاکە:

١-بارەگای سەرەکی دەزگای ئاسایشی تایبەت لە شەقامی فەلەستین بوو. بەڵام بارەگایەکی گەورەتری لە بەرامبەر ئوتیل رەشید بوو لە پشتی کۆشکی کۆبوونەوەکان.

٢-نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەزگاکە لە تەلار (ئەلحەیات) بوو لە ناو شاری بەغداد.

٣-پەیمانگای راهێنانی ئاسایشی دەزگاکە لە گەڕەکی -ئەلعامل-ی ناوچەی ئەفسەران بوو. بەڕێوەبەرەکەی (محەمەد سوهیل ئەلتکریتی) و یاریدەدەرەکەشی (غەسان زەکەریا ئەلتکریتی) بوو.

٤-یانەی تایبەتی دەزگاکە دەکەوتە بەرامبەر ناوچەی (ئەلمەسبەح) لەناو بەغدا. هەر لەو یانەیەدا کۆگایەکی چەك و مەلەوانگەیەکی تایبەت بۆ (قوسەی) هەبووە. بەڕێوەبەرەکەشی -سەعید ئەلدوری- بوو.

٥-کۆمەڵگەی گرتووخانەکانی رەزوانیە، لەناو یەك لە گەورەترین کێڵگەکانی کشتوکاڵی و کۆشکەکانی سەدام بوو، بە دووری نزیکەی (٢٥) کم لە شاری بەغدا بەرامبەر فرۆکەخانەی سەدامی نێودەوڵەتی.

٦-دەزگای ئاسایشی تایبەت چەندین نووسینگەی بچووکی هەبووە لە شارەکانی (بەسرە و موسڵ).

## نووسینگەی کاروباری سەرۆکایەتی:

ئەرکی ئەم نووسینگەیە، دابینکردنی پارێزگاری و پاسەوانییە بۆ نووسینگەکانی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانی و هەردوو سەرکردایەتی هەرێمایەتی و سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعس بووە، بەڕێوەبەرەکەی، ناسر سەعد وەهیب ئەلناسری بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## لقی سیاسی:

ئەرکی ئەم بەشە سیاسییە، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانە، هەروەها تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن بۆ کاردانەوەی دژانی سەدام حوسێن بوو.

لای ئەم بەشە ژمارەیەکی گەورەی دۆسییە هەبووە کە لە ناو کۆمپیوتەر پارێزراو بوونە. زانیاری وردیان تیادا تۆمارکراون دەربارەی زۆربەی خەڵکی عێراق  بەتایبەتی ئەوانی لە بەری ئۆپۆزیسیۆن بوونە.

ئەم بەشە چەند یەکەیەکی دیکەی دەگرتە خۆی، وەك: یەکەی پرۆسەکان ئەرکیشی کاردانەوە بووە دژی ناحەزانی سەدام حوسێن.

بەڕێوەبەری لق: (رائید) نەواف مەهجوم ئەلتکریتی.

بەڕێوەبەری بەشی پرۆسەکان: زوهیر ئەلتکریتی.

## نووسینگەی رای گشتی:

ئەرکی ئەم نووسینگەیە کۆکردنەوەی زانیارییە دەربارەی رای گشتی جەماوەر، هەروەها کۆکردنەوەی دەنگۆ و واتەواتی جەماوەر و بەپەرچەدانەوەیان.

بارەگای لەناوچەی کشتوکاڵی بوو، بەڕێوەبەرەکەی: سامر عەبدولعەزیز ئەلعوگەیلی بوو.

## لقی کارگێڕی:

ئەرکی، ئامادەکردنی پێداویستییە خۆراکییەکان و موچەی کارمەندانی دەزگا کە بوو. لەگەڵ خانووبەرەکانی دەزگاکە.

بارەگاکەی دەکەوتە ناو تەلاری –ئەلحیاة–لە شاری بەغداد.



هەواڵنامەی کتێب

بەڕێوەبەرەکەی: محەمەد شەعبان ئەلتکریتی بوو.

## بەشی ژمێریاری:

ئەم بەشە بارەگاکەی لە گەڕەکی –ئەلتەشریع– بوو بەرامبەر نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی. بەڕێوەبەرەکەی : فارس حەمید ئەلتکریتی بوو.

## نووسینگەی پەیوەندییەکان:

بارەگای لە بەرامبەر تەلاری –الحیاة –بوو. بەڕێوەبەرەکەی (جەبار قاسم ئەلتکریتی) بوو.

## ناوی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەزگاکە:

١–حوسین کامل ئەلمەجید، لە نێوان (١٩٨٣–١٩٨٩).

٢–فنەر زین حەسەن، لە ماوەی دووەم جەنگی کەنداو.

٣–قوسەی سەدام حوسین، لە نێوان (١٩٩١–١٩٩٧).

٤–نەوفەل مەحجوم ئەلتکریتی، لە ساڵی ١٩٩٧ تا ساڵی ٢٠٠٠.

٥–قوسەی سەدام حوسین لە ٢٠٠١ بەدواوە.

هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم: بەڕێوەبەرایێتی ئیستخباراتی سەربازی[(١)]

ئـەم دەزگـا هەواڵگرییـە سـەربازییە لەگـەڵ دامەزرانـدنی سـوپای عێـراق دامەزراوە، سەرەتا وەك هۆبەیەك (بەشێك) لە بەڕێوەبەرایـەتی –حرکـات–ی سـەربازی سـەر بـە وەزارەتـی بـەرگری عێـراق پێکهـاتووە، ئـەرکی دەستەبەرکردنی زانیاری هەواڵگرییە دەربارەی بەشەکانی سوپا و زانیاری لـە ئەگەری شەر و پەلاماری سەربازی دەرەکی و ناوخۆیی بێت[(٢)].

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پەرەی سەند لەگەڵ پەرەسەندنی سوپا لـە هـەردوو رووی چـەندایەتی و جۆرایەتیـەوە، دوای سـاڵی ١٩٦٨ ئـەرکی زیـاتری پـێ سپێردرا، وەك چاودێری کردنی ئەفسەرەکان لە ڕووی سیاسـیەوە، سـەرەرای چەند ئەرکێکی دیکەی ناوخۆیی.

ساڵی ١٩٦٩ بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی چەند بەش و هۆبـەی تـری بـۆ زیادکراوە، وەك هۆبەی سێیەم و دەسـتەی ئـەمنی، هـەروەها جێبـەجێکردنی کاری پشکنین و چاودێری و دەستگیرکردن، پاشـان هۆبەیـەکی دیکـەش لـەو دەزگایە پێکهات بۆ بەدواداچوون و زانیاری کۆکردنەوە لەسەر کورد و حزب و

---

(١) سەرچاوە:

-www.algardenia.com 11/4/2014.

-www.ahear.org □(مقال) بشير الوندي ٢٠٢١/١١/٨

-www.M.ahewar.org عقيل الناصري□ (مقال) ٢٠٢١/٧/٣

–وأد البطل –د. سعدي العبيدي ط٢٠١٢/١ بغداد–ص٣٩٩.

–الأجهزة الأمنية في عهدي البكر وصدام –دونالد اوتشين، ترجمة مصطفى نعمان، بغداد، ٢٠٢٢، ص٩.

(٢) نووسەری –الأجهزة الأمنية في عهدي البكر وصدام–، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم دەزگایە ساڵی (١٩٣٢) دامەزراوە.

چالاکیە سیاسییەکانی لە کوردستان، ئەم دامەزراوەیە بەش و لق و هۆبەکانی بە گشتی بەسەر پێنج بەشی سەرەکی دابەشکراوە، هەر بەشێکیان پێی دەوترا —معاونیە—.

ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی ئەم دەزگایە لە وەزارەتی بەرگری وەرگیرایەوە و بە نووسینگەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بەستراوەتەوە.

**ئەرکە بنچینەییەکان:**

١—کۆکردنەوە و شیکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەو زانیارییانەی گرینگن بۆ کاری سەربازی دەربارەی دوژمن و نەیارانی وڵات، هەروەها دەربارەی دۆستەکان بەپێی گرینگیان، دیارە ئەمەش ئەرکی بەشی یەکەمی دەزگاکەیە، کە بەهۆی چالاکییە ڕێکوپێکەکانی کونسلخانەکانی عێراق لە وڵاتانی دەرەوە، هەروەها بە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەگەڵ چەند دەزگایەکی هەواڵگری عەرەب و بیانی دێتەدی، ئەوانی پەیوەندییان لەگەڵی سازکردوە.

هەروەها زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە بە هۆی بریکار و کەسانی متمانەپێکراو لەناو سوپا و چەند ڕێکخراوێکی دەرەکی، سەرەرای نێردراوەکان بۆ خوێندن و خولی سەربازی لە دەرەوەی وڵات و ئەو ئەفسەرانەی لە دەرەوە کاردەکەن، سەرەرای سوود وەرگرتن لە هۆیەکانی بیستراو و بینراو و نوسراو ئەویش بە ڕێکخستنی کاروچالاکییەکان لەلایەن هەواڵگری دیکەوە کە دەکرێ ئەو زانیارییانە بە کەڵك و گرینگ بن بۆ دامەزراوەی سەربازی.

٢—درێژەپێدان بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی مۆرکێکی ئەمنی سیاسی و کۆمەڵایەتیان هەیە دەربارەی ئەفسەر و پلەدارەکانی خوارتر لە

هەموو یەکەو پێکهاتە سەرکردایەتیە سەربازییەکان.

دەستەیەکی دیاریکراوی دەزگاکە ساڵی چەند جارێك راپۆرتی سیاسی دەربارەی ئەفسەران بەرز دەکاتەوە، لەگەڵ راپۆرتی هەڵسەنگاندن و لێهاتووییان، ئەو راپۆرتانە لەگەڵ راپۆرتی رێکخراوە حزبییەکانی ناو سوپا بەرز دەکرێنەوە بەهاوکاری مەکتەبی عەسکەری حزبی بەعس رێك دەخرێن.

٣-چاودێریکردنی ماوە ماوە بۆ چەند ئەفسەرێکی سەرکردە لەلایەن بەشێکی تایبەتی دەزگاکە، هەروەها بە رێکخستنی کارەکان لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، چاودێریکردنی ئەفسەرە خانەنشینەکان بکرێت، زانیاری ئاڵوگۆڕکردن دەربارەی هەڵسوکەوتیان و پەیوەندییەکانیان بە دامەزراوەی سەربازی و بە دەزگای بەربەرەکانیکردنی کاری سیخوریو چالاکی هەوالگری لەناو هێزە چەکدارەکان، کە لەلایەن بەشی ئاسایشی سەربازییەوە ئەنجام دەدرێت لەسەر ئەم بنچینانەی خوارەوە:

أ-چاودێریکردنی بەردەوام بۆ ئەوانی لە باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوە کاردەکەن، بەتایبەتی -سەربازییەکان-، چاودێریکردنی هەڵسوکەوت و پێوەندییەکانیان بە بەردەوامی لەناوخۆ و دەرەوە.

ب-بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو ئەفسەر و پلەدارە سەربازییانەی گومان لە دڵسۆزییان دەکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندییەکانیان بە کەسانی دیکە.

جـ-رێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەندێ لە ئەتاشێیە(ملحق) سوپاییەکان، ئەوانی دەوڵەتەکانیان پەیوەندی دۆستانەیان هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان.

د–ئەرك سپاردن بەو بریكارانەی جێگای متمانەن و لەدەرەوە كاردەكەن، چاودێری و بەدواداچوون بۆ چالاكی دەزگا هەواڵگرییە سەربازییەكان بكەن، لەناو هێزە چەكدارەكانی عێراق.

ه–هاوكاریكردن لەگەڵ چەند رێكخراوێكی فەلەستینی لەو بوارانەی پەیوەندی بە چالاكییەكانی هەواڵگری ئیسرائیلییەوە هەیە، رێكخستنی پەیوەندییەكان لەگەڵ بەشی هونەری لە دەزگای ئیستخباراتی عێراق، بە مەبەستی چاودێریكردن و ئاشكرابوونی ئەو پەیوەندییانە.

و–بەكارخستنەوەی هەندێ لەو كەسانەی پێشتر پەیوەندییان لەگەڵ لایەنە بیانییەكان هەبووە، ئەركیان پێ بسپێردرێ وەك بەكرێگراوی دوولایەنە.

ح–بەربەرەكانی و رێگرتن لە چالاكییەكانی ئۆپۆزیسیۆن لەناو هێزە چەكدارەكان، بەهۆی وردبوونەوە و لێكۆڵینەوە لەو راپۆرتانەی دەگەن لەلایەن لایەنگر و ئەندامانی حزبی بەعس، دەربارەی هەندێ پلەداری سەربازی، یان دەربارەی ئەوانی رەخنە لە كاروبارەكانی حكومەت دەگرن.

ت–هەموو یەكەكانی ناو سوپا و هێزە چەكدارەكان بە تۆڕێك لە بریكار و پیاوانی هەواڵگری بچێنرێت.

ی–راپۆرتەكانی ئەفسەرانی ئاسایشی یەكەكان و سەركردایەتی.

ك–رێكخستنی چالاكییەكان لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دەربارەی چالاكییەكانی حزب و هێزە سیاسییە ئۆپۆزیسیونەكان، ئەوانی لەلایەن (ئاسایشی گشتییەوە) چاودێری كراون دەربارەی هێڵ و رێكخستنەكانیان لەناو هێزە چەكدارەكان، هەروەها لەگەڵ دەزگای هەواڵگری

گشتی دەربارەی چالاکی ئۆپۆزیسیون لە دەرەوەی عێراق و گەیشتنی هێڵ و پەیوەندییەکانیان بۆ ناو دامەزراوەی سەربازی لەناو عێراق.

ل–بەدواداچوون بۆ چالاکی ئەفسەرەکانی ناو ئۆپۆزیسیون لە دەرەوەی عێراق و چاودێریکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی لەناوخۆ و دەرەوەن.

٤–گرینگیدان بە کاری هەواڵگری دەروونی، بەشی هەواڵگری دەروونی ئەو ئەرکە بەم شێوەیە جێبەجێ دەکات:

أ–شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی مۆرکێکی دەروونیان هەڵگرتووە، دەربارەی کۆمەڵگای عێراق، پاشان دابەشکردنی ئەو زانیاریانە بەسەر ئەو لایەنانەی سوودی لێوەردەگرن.

ب–گەیاندنی ئەو جۆرە هەواڵ و زانیاریانەی پەیوەندییان بە (جەنگی دەروونی) هەیە بۆ سوود وەرگرتن لێیان لە کاتی پێویست.

جـ–کۆکردنەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان لە سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، هەروەها هەوڵی سوود وەرگرتن لێیان و لە هەواڵگری دەروونی لە هەندێ هەڵوێست و بوونەدا.

د–هەستان بە کاروباری پشکنینی دەروونی بۆ بەشێك لەو ئەفسەرانەی کاری تایبەتیان پێ دەسپێردرێت.

هـ–چاودێری و وەرگرتنی هەر جۆر دەنگوباس و واتەواتێك کە لە ناو هێزە چەکدارەکان بڵاودەبنەوە، بە هاوکاری دەزگا ئەمنییەکانی دیکە، پاشان لەلایەن لێژنەیەکەوە شیبکرێتەوەو دابڕێژرێتەوە و بڵاوبکرێتەوە لەناو هێزە چەکدارەکان.

هەواڵنامەی كتێب

و–بەشداریکردن لەگەڵ راگەیاندن و بەشەکانی دیکەی دەزگا ئەمنییەکان لە کاری چاودێریکردنی بەشەکانی راگەیاندن.

٥–ئەو ئەرکە گشتییانەی دەزگای ئیستخبارات جێبەجێی دەکات:

أ–پێشنیارکردن بۆ: گواستنەوەی چەند ئەفسەرێك لەو شوێن و پێگانەی کاری تیادا دەکەن، خانەنشین کردنی چەند ئەفسەرێك، داواکردن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی هەندێکی دیکە، پێدانی ئەرکی تایبەت بە چەند ئەفسەرێك. هەموو ئەو کارانە بەهۆی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستی دەزگاکە دەبێ.

ب–ئامادەکرددنی زانیاری پێویست بۆ هێزە چەکدارەکان دەربارەی ئامادەکردن و جوڵاندنی هێز لە کاتی شەڕ.

جـ–بەواداچوون بۆ باروذۆخ و هەڵسوکەوتی هێزە چەکدارەکان، بۆ رێگرتن لەبەردەم یەکەکانی ئەو هێزە بۆ جوڵەکردن یاخود نیازی هەڵگەڕانەوەی سەربازی.

## پەیکەری رێکخراوەیی دەزگای ئیستخبارات:

دەزگای ئیستخباراتی سەربازی کە بەشێك بوو لە وەزارەتی بەرگری، پاشتر لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام حوسێن پەیوەندی بە فەرمانداندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بەسترایەوە. بۆیە راپۆرتەکانیشی رەوانەی سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان دەکرا.

□

**ژمارەی کارمەندانی لە نێوان (٤-٦) هەزار کارمەند دەبێت، دەزگاکە پێش ساڵی ١٩٦٨ بەم جۆرە پێکهاتبوو:**

أ-بارەگای گشتی.

ب-لقەکان (بەشەکان) کە لە پێنج لق پێکهاتبوو، ئەوانیش:

١-لقی یەکەم: بەرپرس بوو لە ئەتاشییە (ملحق) سەربازییەکانی ناو باڵوێزخانەکانی دەرەوەی عێراق لە وڵاتانی بیانی.

٢-لقی دووەم: بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆی عێراق بوو.

٣-لقی سێیەم: بەرپرسی ئاسایشی سەربازی سوپا بوو.

٤-لقی چوارەم: بەرپرسی کاروباری کارگێڕییە.

٥-لقی پێنجەم: بەشێکی هونەری بوو، بەرپرسی ئامادەکردنی جفرە و نەخشەکان بوو.

ئەم دەزگایە لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام حوسێن گۆڕانی گەورەی بەسەر پەیکەر و ئەرکەکانی و پێکهاتەکەی هاتووە. چەندین بەش و لێژنەی زیاتری بەخۆوە گرتووە، لە کۆتاییدا لە پێنج بەشی گەورە -معاونیە- رێکخرا، هەر بەشێکی چەندین هۆبە و لێژنەی گرتۆتە خۆی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-لقی کارگێڕی: بەرپرسی هەموو کاروبارە کارگێڕییەکانی دەزگاکە بوو.

٢-لقی سیاسی: بەرپس بوو لە هەموو زانیاریەکان، ئەوانی لە ئەتاشییە سەربازییەکانی عێراق لە دەرەوە پێی دەگەیشت، هەروەها کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەلایەن بریکارانی هەواڵگری (ئیستخبارات) بەهۆی تۆڕێکی فراوانی نۆکەران و پیاوانی هەواڵگری، ئەوانی لە ئێران و تورکیا، ئوردن،

هەواڵنامەی کتێب

میسر کاریان دەکرد، کە نوێترین ئامێرە نهێنییەکانی پەیوەندیکردنیان هەبووە.

٣-لقی تایبەت: بەپرس بوو لە لێکۆڵینەوە و کردارە نهێنییەکان.

٤-یەکەی ئەمنی: ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی چالاکی ئۆپۆزیسیون بوو لەناو یەکەکانی سوپای عێراق. بەڵام دوای دامەزراندنی (ئەمنی سەربازی) ساڵی ١٩٩٢ ئەو کارە بووە ئەرکی ئەو دەزگا نوێیە، کاری یەکەمی ئەمنیشی بریتی بوو لە چاودێریکردنی تاکەکانی دەزگای ئیستخبارات.

٥-یەکەی (٩٩٩): یەکەی گەیشتن بە قوڵایی، ئەرکی ئەم یەکەیە، هەڵگرتنی بەرپرسیارییە بەرامبەر کارە نهێنییەکان، لەناوخۆی عێراق و لە دەرەوەش.

وەك: لەناوبردنی تاکەکانی ئۆپۆزیسیونی عێراقی لە ناوچەکانی کوردستان، پلاندانان بۆ فڕاندنی -سەرکردەی هێزەکانی ئەمریکا لە وڵاتی عەرەبی سعودیە لە ماوەی جەنگ (گەردەلوولی بیابان) کە ناوی شوارزکوف بوو، تێکدانی ئامێرە نەوتییەکانی ئێران-هتد. بارەگاکەشی شارۆچکەی (سەلمان پاك) بوو.

یەکەمی (٩٩٩) لە سەرەتا لە پێنج کەتیبە پێکهاتبوو، هەر کەتیبەیەك ژمارەی ئەندامانی (٣٠٠) کەس دەبوون. پاشتر چەند کەتیبەیەکی دیکە پێکهات، وەك:

١-کەتیبەی فارسی (کردەوەکانی ناو ئێران).

٢-یەکەی سعودی.

٣-کەتیبەی فەڵەستینی (بۆ ناو ئیسرائیل).

هەواڵنامەی کتێب

٤–کەتیبەی تورکیا.

٥–کەتیبەی دەریایی.

٦–کەتیبەی ئۆپۆزیسیون.

دوای پێکهاتنی (کۆنگرەی نیشتمانی عێراق) ئۆپۆزیسیون و بوونی بارەگاکانی لە کوردستان ساڵی ١٩٩٤، دەزگای ئیستخباراتی عێراق بە ئەرکی چاودێری و تیرۆرکردنی تاکەکانی هەستاوە.

٧–تیپی شەرکەری سەربازی: ئەرکی دەستێوەردانی خێرا و بە پەلە بووە بۆ پاراستنی رژێم لە بەغدا لەهەر جۆرە هەڕەشەیەك.

٨–دەزگای ئیستخباراتی سەربازی عێراق، چەند لقێکی هەبووە لە پارێزگاکانی عێراق، بەڵام چوار لقی سەرەکی هەبووە لە چوار ناوچەی عێراق:

أ–لقی کەرکوك: بەرپرسیارییەتی ناوچەی کوردستان و ئێرانی لە ئەستۆدابووە.

ب–لقی موسڵ، بەرپرسی دۆخی تورکیا و سوریا بووە.

ج–لقی بەسرە، بەرپرسیاریەتی دەوڵەتانی کەنداوی هەڵگرتووە.

د–لقی بەغدا، بەرپرسیاریەتی هەبووە لە بارودۆخی وڵاتانی ئوردن، سوریا، سعودیە و ئێران.

بارەگای ئیستخباراتی سەربازی سەرەکی دەکەوتە کۆمەڵگەیەکی تایبەتی لە ناوچەی کازمییەی بەغدا، رووبەرەکەی نزیکەی (٣٠٠) کم٢ بووە، لەو ناوچەیە زیندانێکی گەورەی تیادا دروست کرابوو، سەرەڕای بوونی چەند نووسینگەیەك لە سەربازگەی (ئەلرەشید).

هەواڵنامەی کتێب

**کارەکان بۆ پەرەپێدانی کاری ئیستخبارات:**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیستخباراتی سەربازی لەلایەن رژێمەکەی سەدام حوسین جێگای گرینگی پێدانی زۆر بووە، دەزگاکە لەو سەردەمە زۆر پەرەی سەند و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە.

پێشتر بریتی بوو لە پێنج بەش، سنوری کار و چالاکییەکانی و ئەو ئەرکانەی ئەنجامی دەدا سنوردار بوون، بریتی بوون لە کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان، لەو چوارچێوەیەی پەیوەندی بە ئاسایشی سەربازی هەیە.

بەڵام لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام حوسێن، دەزگاکە دابەشکرا بەسەر پێنج بەشی گەورە (پێی دەوترا موعاونیە)، هەر بەشێکی لە چەند لق و هۆبەیەك پێکهاتبوو، هەروەها بوونی دوو قوتابخانە بۆ راهێنانی کادیر، یەکێکیان بۆ ئەفسەران و دووەمیان بۆ پلەدارانی خوارووتر. لەگەڵ بوونی پێنج دامەزراوەی هەوالگری بەسەر عێراقدا دابەش بوون.

**هەروەها چەند یەکەیەك پێکهێنرابوون بۆ مەبەستی تایبەت وەك:**

یەکەی (١١١) بۆ کاری هەواڵگری.

یەکەی (٢١٢) بۆ چاودێری و پشکنین.

یەکەی (٢٢٢) بۆ ئەرکە تایبەتیەکان.

یەکەی (٧٧٧) بۆ کاری پاسەوانی.

دەزگا کە بایەخی بە پەرەپێدانی کادیر و کارمەندانی خۆیداوە لە رووی هونەرییەوە، ژمارەیەکی زۆریانی بۆ وڵاتان ناردووە بە مەبەستی ڕاهێنان و فێربوون، بەتایبەتی بۆ (یەکێتی سۆڤیەت، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، میسر)، لە سەردەمی جەنگی عێراق –ئێران، ئەگەرچی بارەگاکانیان بەرەو رووی

هێرشیش دەبۆوە، هەروەها لە دووەم جەنگی کەنداو، بەڵام توانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

دەزگـای ئیسـتخبارات لـە سـاڵی (١٩٩١) جـارێکی دیکـە بـەرەو ڕووی دەسـکاری و گـۆڕان هـات، ژمارەیـەك لـە ئەفسـەر و کـادیری گوازرانـەوە و خانەنشین کراون، بەڵام کاریگەری بەسەر چالاکییەکانی نەبووە.

**ناوی بەشێك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی:**

١–عقید روکن هادی خەماس، ١٩٦٣–١٩٦٥.

٢–عەبدولقادر سلیمان خەمیس.

٣–لیوا، موعتەمیر نیعمەت ئەلتکریتی.

٤–فەریق ڕوکن سابر ئەلدوری ١٩٨٦–١٩٨٩.

٥–وەفیق ئەلسامەڕائی تا ساڵی ١٩٩٥.

٦–فەریق زوهیر تالیب ئەلنەقیب تا ساڵی ٢٠٠٣.

هەواڵنامەی کتێب

## چوارەم: دەزگای هەواڵگری گشتی[1].

لە شەستەکانی سەدەمی بیستەم، حزبی بەعس لە عێراق، ئەرکی کاروباری ئاسایشی حزبەکەی بە سەدام حوسین سپاردبوو، بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوێکی حزبی رەسمی پێکهات لە ژێر ناوی –حەنین–.

دوای ئەوەی حزبی بەعس لە (١٩٦٨) بەهۆی کودەتاکەیەوە دەستی بەسەر دەسەڵات گرت، رێکخراوی –حەنین– دووبارە رێکخرایەوە و ناوی لێنرا –نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان– دوای ئەوەی ژمارەیەك لە کادیرەکانی حزب و چەندین ئەفسەری ناو ئاسایشی گشتییان خستە ریزەکانی، هەروەها دوو ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەش بۆ ئامادە کرا، ئەرکی سەرشانیشی کاروباری ئاسایشی دەوڵەت بوو، دامەزراوەکە راستەوخۆ پەیوەندی بە سەدام حوسین بوو کە– جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی – سەرکردایەتی شورش بوو.

دوای زنجیرە گۆرانێك لە ئەرك و پەیکەری رێکخراوەیی دەزگاکە، جارێکی دیکە ناوی گۆرا و بووە–بەرێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری–سەعدون شاکریش بەرێوەی دەبرد لە ژێر چاودێری –سەدام حسین–.

---

(١) سەرچاوەکان:

-www.IM.youtube.com
–www.algardena.net
-www.M.ahewar.org (مقال/بشير الوندي في ٢٠٢٢/١١/٨)

–مجلة أوراق من ذاكرة العراق–العدد /٨٤ في ١٥/نيسان/٢٠١٩ السنة السادسة –بغداد، الكاتب–جاسم محمد ص٢٨.

–الأجهزة الأمنية في عهدي البكر وصدام دونالد أوتشيل –ترجمة مصطفى نعمان–دار المجلة –بغداد –٢٠٢٢ ص٤٨.

بۆیە دەکرێ بووترێت کە دەزگای هەواڵگری گشتی ساڵی (١٩٧٩) کۆتـایی بە پێکهاتنی کرا، دوای ئـەوەی لـە چـەند گـۆڕان و ڕێکخستنێکدا ئۆرگـان و کـادیر و کارمەنـدانی هـەردوو دەزگـا ئەمەنیـەکانی پێشـوو تێکـەڵ کـران کـە ئەوانیش: دەزگای —حەنین—و —نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان بوو.

ساڵی ١٩٧٣، دوای هەوڵە شکستخواردووەکەی —نـازم کـزار—بەڕێوەبـەری گشتی ئاسایش، بۆ کودەتا بەسەر دەسەڵاتەکەی (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) و (سەدام حوسێن) جارێکی دیکە گۆڕان لە ئەرك و ناوی ئەم دەزگایـە ڕوویـدا و بوو بە، سەرۆکایەتی هـەواڵگری، بـەرزان ئیـبراهیم ئـەلتکریتی بـە سـەرۆکی دانرا.

ساڵی (١٩٨٠) بەهۆی ناکۆکی نێوان (هەردوو برا) سەدام و بارزان، بـەرزان لـە ئەرکەکـەی لادرا، نـاوی دەزگاکـەش گـۆڕا و بـوو بـە —دەزگـای گشـتی هەواڵگری—و ڕاستەوخۆ بەسـترایەوە بـە ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش، نووسینگەی تایبەتی سەدام حوسێن.

ئـەم دەزگایـە بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـك و بـاش پێکهـاتبوو، بوودجەیـەکی بـەرزی بـۆ تـەرخان کرابـوو، لێهـاتوویی و تواناکـانی لـە دەزگـا هەواڵگرییـە عەرەبییەکان بەرزتر بوو، بەتایبەتی ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە کۆکردنـەوە و شکیردنەوەی ئەو زانیاریانە هەیە کە گرینگن بـۆ دەوڵـەت و بـۆ بەربـەرەکانی کردنی سیخوڕی، دەزگاکـە خـاوەن تـۆڕێکی فراوانـی خـەڵك بـوو لـەناو دام و دەزگاکانی حکومەت، باڵێوز و سەندیکا و حزبەکانی ئۆپۆزیسـیون لـەناوخۆ و دەرەوەی عێـراق، هـەروەها ئەرکـە ئیسـتراتیژیەکانی ئـەنجام دەدا، وەك تیرۆرکردن بە بڕیاری ڕاستەوخۆی سەدام حوسێن.

هەواڵگری گشتی هەر لە سەرەتاوە لەلایـەن سـەدام حوسـێن سەرپەرشتی



هەولێرلەی کتێب

كراوه و كەسە نزيكەكانى خۆى بەڕێوەيان بردووه، وەك: سەعدون شاكر (ئەندامى سەركردايەتى حزبى بەعس لە عێراق)، لەگەڵ هەردوو براكەى (لە دايكيەوه) بەزران و سەبعاوى لەگەڵ ئامۆزاكەى عەلى حەسەن ئەلمەجيد و هيشام سەباح ئەلفەخرى و سابير ئەلدورى.

لە دەزگاكە چەند ڕووداوێكى مردنى نائاسايى ڕوويداوه، وەك ئەوەى بۆ (رافع دەحام) ڕوويدا كە پاش سێ ڕۆژ لە دوورخستنەوەى كوژرا، هەروەك كوشتنى ليوا فازل ئەلبەڕاك بە تاوانى سيخوڕى بۆ دەوڵەتێكى بيانى.

دوا بەڕێوەبەرى دەزگاكە (فەريق تاهير جەميل حەبوش) بوو، ناوبراو ئەفسەرێكى پۆليس بوو پێشتر، لە ماوەى خزمەتكردنى پلە بە پلە تا گەيشتە دەسەڵاتى باڵاى دەزگاى هەواڵگرى، چەند ڕۆژێك لە پێش گرتنى شارى بەغدا بزر دەبێت و هەڵدێت بۆ دەرەوەى عێراق.

هەر بە پێى چەند سەرچاوەيەك، ژمارەى كارمەندانى ئەم ڕێكخراوه هەواڵگرييە نزيكەى (٢٠٠) هەزار كەس دەبوون، سەرەڕاى ژمارەيەكى زياتر لەوه، لەوانى بەكرێگيراون و بە نهێنى زانيارييان كۆدەكردەوه و دەيان گەياندە ڕێكخراوەكە.

## پەيكەرى ڕێكخراوەيى دەزگاكە:

دەزگاى هەواڵگرى كارەكانى بەهۆى چەند بەشێكەوه (موعاونيە) بەڕێوە دەبرد، هەر بەشێك لە چەند بەڕێوەبەرايەتييەك پێكهاتبوو، ناوەكانيشيان بەپێى شێوەى چالاكى و كارەكانيان بوون، وەك:

أ–بەشى سياسى:

ئەو بەڕێوەبەرايەتيانەى پەيوەنديان بەم بەشەوه هەبووه، بريتى بوو لە

هەولێرنامەی کتێب

(٨) بەڕێوەبەرایەتی، کە تایبەت بوون بە کاری هەواڵگری.

ب–بەشی کاروبارە گشتییەکان:

بوارە کارگێڕییەکانی بەڕێوە دەبرد، هەموو کاروبارێکی کارگێڕی دەگرێتە خۆی کە پەیوەست بێت بە دەزگاکە، لەگەڵ چەند نووسینگەیەك وەك نووسینگەی راوێژکاری هونەری، راوێژکاری ئەمنی، نووسینگەی تایبەت.

جـ–بەشی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە ئیستراتیژییەکانی دەوڵەت.

بە شێوەیەکی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری (م٤) پێی هەڵدەستا، چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی دیکەی پسپۆڕ هاوکاری دەبوون، ئەرکەکانیشیان بەم شێوەی خوارەوە جێبەجێ دەکرد:

١–چەند بنکەیەکی هەواڵگری لە چەندین دەوڵەت بڵاوکراونەتەوە، ئەو بنکانە بە شێوەیەکی ئاسایی لەلایەن باڵیۆز، یان کەسێکی راسپێردراو لەناو باڵیۆزخانە بەڕێوەدەچوو، ئەویش بەپێی چەند هۆکارێك بۆ شاردنەوەی و بە نهێنی بوونی کارە هەواڵگرییەکە و گونجانی لەگەڵ پلە و پایەی فەرمانبەری دیپلۆماسی لە دەزگاکە و لە دەوڵەتی دیاریکراو.

٢–ئەو باڵیۆزە عێراقیانەی کە بۆ ئەو جۆرە کارانە دادەنرێن لە ئەفسەرانی هەواڵگری، یان ئەوانی لەلایەن دەزگاکەوە دەپاڵێورێن و ئامادە دەکرێن بۆ پەیوەندیکردن بە بەڕێوەبەرایەتیەکانیان پاشتر.

٣–دامەزراوەکانی راگەیاندن و ئەو کۆمپانیانەی کە هەواڵگری پێکی هێنابوون لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەتایبەتی.

٤–بنکە و مەڵبەندەکانی تۆژینەوە و دامەزراوە عێراقییەکان و

ناعێراقییەکانیش، کە پەیوەندی هاوکاری و پاڵپشتی دارییان لەگەڵ هەواڵگری هەبووە.

٥-ئەو کۆمەڵە و ئەنجومەنانەی کاریان بایەخدانە بەو کەسانەی کۆچیان کردووە و ئاوارەی وڵاتان بوونە، هەروەها ئەو گروپە عێراقی و عەرەبانەی هەواڵگری پێکیانی هێناوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاوکارییان هەبووە.

٦-ئەو گروپە عێراقییانەی لە دەرەوەن لە ڕێگای بەکارهێنانیان بە شێوەی هەڵخەڵەتاندن بێت یاخود هەڕەشەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

٧-ئەوانەی بۆ کارکردن ڕەوانەی دەرەوە کراون، وەك مامۆستا و پیشەکاران لە هەندێ دامەزراوەی عەرەبی و نێودەوڵەتی.

٨-ئاڵ و گۆڕکردنی زانیارییەکان لەگەڵ ئەو دەوڵەت و ڕێکخراوانەی، هەمان هەڵوێستی حکومەتی عێراقیان هەبووە بەرامبەر ڕۆژئاوا و بەکارهێنانی شێواز و ڕێبازەکانی تیرۆرکردن.

٩-تۆڕی بریکار و نۆکەران، لە دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت و کۆمپانیا بیانیەکان، لە دەرەوە و ناوخۆی عێراق.

١٠-شیکردنەوە و بەدواداچوون بۆ هۆیەکانی راگەیاندن (بیستراو، بینراو، خوێنراو).

١١-گوێگرتن بە شێوەیەکی هونەرییانەی ڕێکوپێك بۆ وەرگرتنی زانیاری.

١٢-بنکە بازرگانیەکانی سەر بە حکومەت، یان ئەوانی پێشتر دروستکرابوون، وەك سێبەرێك بۆ کاری هەواڵگری.

١٣- بەکارهێنانی نوسینگەکانی سەرکردایەتی نەتەوایەتی (حزبی بەعس) وەك نووسینگەی فەلەستین، نووسینگەی بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی،

هەواڵنامەی کتێب

نووسینگەی سوریا، بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵیان.

**ئەرکە بنچینەییەکانی دەزگای هەواڵگری:**

دەزگای هەواڵگری لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ڕۆژی داڕمانی لەگەڵ روخانی ڕژێم، هەوڵیداوە ئەرکەکانی بەشێوەیەکی پیشەییانەی ئاست و توانای بەرز جێبەجێ بکات، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.

**ئەرك و چالاکییەکانی لە چەند خاڵێك کورت دەکەینەوە:**

١-بەرەبەرەکانی کردنی کاری سیخوڕی، ئەم بوارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگار بوونەوەی سیخوری ئەنجامدراوە، ئەوەندەی پەیوەندی بە ناوخۆی عێراق هەیە.

٢-پالاوتن و پێشنیارکردنی پالێورا و کارمەندانی ناو باڵیۆزخانەکانی دەرەوەی عێراق، هەروەها کاروباری بەڕێوەبردنی ئاسایشی باڵیۆزخانە و نێردە دبلۆماسییە عێراقیەکان لە دەرەوە.

ئەوەش لە میانەی چەند پرۆسەیەکی چاودێری و چاندنی ئامێری کامیرایی و دەنگ تۆمارکردن و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ناوخۆیی و پارێزگاری باڵیۆزخانەکان و بە دواداچوون بۆ کەسانی ئۆپۆزیسیون لە چوارچێوەی کارەکانی.

ئەم دەزگایە لە چەند باڵیوزخانەیەکی عێراق لە ولاتان، ژووری تایبەتی ئامادەکردبوو، بە شێوەیەك هەموو کەرەستە و ئامێرێکی هونەری تێدا بێت بۆ تۆمارکردنی دەنگ و وێنەگرتن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسانێك کە لەو ولاتە رفێندرابن. هەموو ئەو کارانە لە ژێر چاودێری بنکەی دەزگاکە بەڕێوەدەچوو لەو ولاتە.

٣-ڕێکخستنی کاروبارەکانی لەگەڵ دەزگای ئاسایشی تایبەت و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لەو بوارانەی پەیوەندییان بە ناوخۆی عێراق هەیە، لە کاتی ڕوودانی گرژی و قەیرانەکان.

بەپێی بەرنامەی ڕێکخستنەکە، مەفرەزەکان بە پلان دابەش دەکرێن لەسەر ڕێگا و شەقام و گۆڕەپان و ناوچەکان، ئەو شوێنانەی چاوەڕوانی گرژی لێدەکرێت.

٤-بەربەرەکانی کردنی کاروچالاکییەکانی ئۆپۆزیسیونی عێراقی لە دەرەوە و بەهۆی:

أ-چاندنی بریکار ونۆکەران لەنا ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیونو پشتگیری کردنیان.

ب-ناردنی هەندێ ئەفسەر و لایەنگرانی هەواڵگری وەك پەناهەندە بۆ ناو ئۆپۆزیسیون لە دەرەوەی عێراق.

جـ-کڕینی هەندێ نووسەر و ڕۆژنامەوان و بێژەرانی عێراق و عەرەب، بۆ شێواندنی ناوبانگی ئۆپۆزیسیون و کەمکردنەوەی تواناکانیان لە بواری نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، یاخود لە میانەی دیالۆگ و گفتوگۆکانی نێوان ئۆپۆزیسیون و نەیارانیان و کەسانی بێلایەن.

د-بەهۆی بەرتیل پێدان بە هەندێ کەسی عەرەب و عێراقی، بۆ ئەوەی هانبدرێن کە لە میدیا و تەلەفزیۆنەکان دەرکەون بە مەبەستی شێواندنی ناوبانگی پیاوانی ئۆپۆزیسیون.

هـ-هاندان و پاڵپشتی کردنی چەند لایەنێك بۆ دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە ژێر ناوی ئۆپۆزیسیون لە پێناو تێکدانی ڕیزی

هەواڵنامەی کتێب

ئۆپۆزیسیون و پەرت و بڵاوەپێکردنیان.

و–بەکارهێنانی باڵەکانی راگەیاندنی رەسمی و حکومی بۆ فشار خستنە سەر خێزان و خزمانی پیاوانی ئۆپۆزیسیون بە مەبەستی ترساندن و دوور خستنەوەیان لە کاری سیاسی و دژایەتی نەکردنی رژێم.

ز–پشتگیرکردن و هاوکاری چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی عەرەبی بۆ وەستان دژی چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیون.

ح–پەیوەندیکردنی راستەوخۆ لەگەڵ کەسانی ئۆپۆزیسیون و هەڵخەڵەتاندنیان بە پارە و پلە و پایە، یاخود هەڕەشە بۆ دوورخستنەوەیان لە ئۆپۆزیسیون.

ت–رێکخستنی پەیوەندییەکانی هاوکاریکردن لەگەڵ رێکخراو و دامەزراوەکانی دەرەوەی عێراق، بۆ پشتگیریکردنی حکومەت و کەمکردنەوە لە تواناکانی ئۆپۆزیسیون.

ی–بەکارهێنانی گرێبەستەکانی نەوت و ئەوانی لە دەرەوەی رێوشوێنەکانی نەوت بەرامبەر خۆراك كاریان پێ دەکرێت، هەروەها ئەنجامدانی چەند گرێبەستێکی دیکەی بازرگانی و بەکارهێنانیان وەك بەرتیل بۆ چەند حکومەتێکی عەرەبی (بەتایبەتی) و چەند کەسایەتیەکی گرینگ بە مەبەستی کڕینی هەڵوێستەکانیان و بچووکردنەوەی قەبارەی ئۆپۆزیسیون، لەگەڵ پێکهێنانی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئەو لایەنانە بەشێوەیەك بەرگریکردن لەو بەرژەوەندییانە هۆکار بێت بۆ بەرگریکردن لە رژێم.

ك–بەکارهێنانی چەند کەسایەتیەك لە رێکخراوەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان، بەتایبەتی لەناو ئەو دەوڵەتانەی پەناهەندە وەردەگرن، بۆ

هەواڵنامەی کتێب

گەیاندنی زانیاری دەربارەی ئاڕاستە سیاسیەکان و هەڵوێستی ئەوانی داوای مافی پەناهەندەیی دەکەن.

ل–دەستێوەردان لە دامەزراندنی هەموو فەرمانبەرە دبلۆماسییەکان و نادبلۆماسییەکان، ئەوانی دەبەسترێنەوە بە بەشەکانی باڵیوزخانەکان (ڕۆشنبیری، بازرگانی.. هتد) هەروەها ئەو مامۆستایانەی بۆ کاری وانەوتنەوە لە قوتابخانە عێراقییەکانی کاردەکەن بۆ ئەوەی ببەسترێنەوە بە دەزگای هەواڵگری.

## شێوازەکانی کارکردنی دەزگای هەواڵگری:

### ١- چاندنی ئەفسەرانی هەواڵگری:

هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، دەزگای هەواڵگری عێراق ڕاهاتبوو لەسەر دامەزراندنی ئەفسەرەکانی لەناوخۆی عێراق و دەرەوە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئەویش بە ڕێگایەکی کارگێڕی ژیرانە، وەك هەر شێوازێکی دیکەی دامەزراندنی ئاسایی فەرمانبەران.

ئەو ئەفسەرانە بەرەو ڕووی لێپرسینەوەی یاسایی و سزادان دەبوونەوە ئەگەر کەسێکی ڕاستەقینەیان ئاشکرابوایە، پێناسە و چەکە تایبەتییەکانیان لە بارەگای دەزگاکە هەڵدەگیرا.

لەو دامەزراوانەی کە دەزگای هەواڵگری سەرەتا بایەخی پێداوە:

+وەزارەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، ڕاگەیاندنی دەرەوە، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، هێڵەکانی هاتووچۆی ئاسمانی عێراق، دامەزراوەی پرۆژەکانی تایبەت به دەزگای هەواڵگری (نموونە ئوتیلە پلە یەکەکان).

### ٢- چاندنی ئەفسەرانی هەواڵگری لە سەردەمی گەمارۆی سەر عێراق:

پاش جەنگی دووەمی کەنداو (١٩٩٠)و سەپاندنی گەمارۆی سەر عێراق، گرینگی زیاتر بە دانانی ئەفسەرەکان دەدرا لەلایەن دەزگای هەواڵگری، ئەویش لە هەندێ شوێنی تایبەت دوای کەمکردنەوەی بودجە.

لەو ماوەیەدا گرینگی درا بە هەردوو وڵاتی یەمەن و لیبیا، ژمارەیەك ئەفسەریان بۆ رەوانەکرا لە ژێر ناوی مامۆستای قوتابخانە و زانکۆکان ، دیارە ئامانجی سەرەکی لەو کارە ئابووری بوو، بۆ بەدەستهێنانی دراوی بیانی و سوود وەرگرتن لەو دەسکەوتە بۆ کاروباری هەواڵگری.

رێنماییەکان بەو شێوەیە بوو کە ئەو ئەفسەرانە پەیوەندی بە بنکەکانی هەواڵگری نەکەن لەو دەوڵەتانە، بەڵکو راپۆرتەکانیان بە هۆی رێکخراوەکانی حزبی بەعس بگاتە دەزگای هەواڵگری.

### ٣- دامەزراوەی پرۆژەکان لە دەزگای هەواڵگری:

لەو ماوەیەی گەمارۆ سەپێنرا بوو بەسەر عێراق، کە لە ١٩٩٠ دەستی پێکرد، دامەزراوەی پرۆژەکانی هەواڵگری بەشداری کرد لە بازرگانی نەوت بۆ دەرەوەی عێراق. ئەویش بە رێگای نایاسایی و بە قاچاغ بردنی راستەوخۆ بەرەو ئێران، یان بە هۆی کۆمپانیای (سۆمۆ) لە بەغدا کە بە دامەزراوەی پیشەسازی سەربازییەوە بەسترابۆوە.

هەروەها ئەو دامەزراوەیە ئەرکی بازرگانیکردنی گەیشتە ئەوەی کەشتییە شکا و وێرانبووەکانی عێراق لە شەتولعەرەب مامەڵەیان پێوە بکات.

بازرگانیکردن بە وزەی –گاز– بەرچاوترن ئەو کارانە بوو کە لەرێگای ئێران بەرەو سەنگاپورە و چین دەفرۆشران.

هەواڵنامەی کتێب

دەزگای هەواڵگری لەم بوارەی سوودی لە پەیوەندی و ناوەکانی چەند کۆمپانیا و سەرچاوەیەك وەرگرت کە هی کەسانی عێراقی بوون، سەرەرای چەند پڕۆژەیەکی کۆن لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە ئەوروپا کە لە ژێر چەند ناوێکی بازرگانی کاریان دەکرد، ئەو کارانەش ئامانج لێیان کەمکردنەوەی کاریگەری گەمارۆکە بوون.

## ٤- چاندنی سەرچاوە نهێنییە ئیستراتیژییەکان:

پلانی دەزگای هەواڵگری لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام حوسین، کارکردن بوو بۆ ئەوەی جێگا و دەرفەت بۆ هەواڵگری بدۆزێتەوە بۆ دانان و چاندنی سەرچاوەکانی زانیاری، هەروەها بەکارهێنانی چەند کەسێك لە دەوڵەتە بیانییەکان، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی بەرەورووی عێراق داخرابوون، گریگترین ئەو دەوڵەتانەش: ئێران، ئیسرائیل، کەنەدا، ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بوون.

لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیستەم، کار لەسەر بەکارهێنانی عێراقییەکان دەکرا ئەوانی رەگەزنامەی وڵاتانی دیکەیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن لە دەرەوە پاش ڕاهێنانیان بێ ئەوەی سەردانی بەغدا بکەن.

ئەو ڕاهێنانەش لە وڵاتێکی سێیەم ئەنجامدەدرا نەك لەو دەوڵەتانەی کەسە ڕاهێنراوەکە تیایدا دەژیت، یاخود عێراق بێت. ڕاهێنانەکە بە چەند خولێك دەبوو درێژەی دەکێشا بۆ دوو ساڵ بەلای کەم لە ژێر چاودێری کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە کاری هەواڵگری.

دوای تەواوبوونی خولی ڕاهێنانی ئاسایی، ڕاهێنانی هونەری دەستی پێدەکرد، وەك بەکارهێنانی تۆمارکردنی دەنگ و وێنەی نهێنی، هەروەها

شارەزایی لە بەکارهێنانی چەند ئامێر و کەرەستەیەك، سەرەڕای شێوازەکانی چاودێری مرۆیی بە نهێنی و نامەناردن بۆ بەرپرسەکان.

وڵاتانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، دەوڵەتانی کەنداو، بەرچاوترین ئەو ئامانجانە بوون بۆ ئەو سەرچاوە ئیستراتیژیانە.

درێژە پێدان بەو پەیوەندییە لەگەڵ سەرچاوە ئیستراتیژییەکان، ڕاستەوخۆ لەلایەن ناوەندی هەواڵگرییەوە دەبوو نەك بنکەی هەواڵگری لەو دەوڵەتانە، جێگای چاوپێکەوتنیش لە وڵاتێکی سێیەمدا دەبوو.

بەرچاوترین ئامانجەکانی بەکارهێنانی سەرچاوە ئیستراتیژییەکان، چوونە ناو ئۆپۆزیسیونی عێراق بوو لە دەرەوە، هەروەها پەناهەندە سیاسییەکان لەگەڵ بەدیهێنانی چەند گرێبەستێکی بازرگانی بۆ بەرژەوەندی ڕژێم.

### درێژەپێدان بە کاری هەواڵگری:

دەزگای هەواڵگری لە عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پشتگیرییەکی بەهێزی هەبووە لەلایەن سەرۆکی دەسەڵات (سەدام حوسین)، چونکە لە زۆر کار و ئەرکدا پشتی پێ بەستراوە بەتایبەتی پاراستنی سەرۆك، تا پێکهاتنی دەزگای ئاسایشی تایبەت، هەروەها چالاکییەکانی دەزگاکە دژی نەیارانی ڕژێم و ئەوانی دەکرێ لە ئایندە ببنە دوژمن، یاخود ئەوانی گومان لە دڵسۆزییان دەکرێت و ڕەنگە گومانی پیلان گێرییان لێ بکرێت.

بەو پێیە ئەم دەزگایە پێگەی یەکەمی هەبووە لە نێوان دەزگا ئەمنیەکانی دیکە. دەزگاکە سوودی لە زۆری ئەو ڕووداوانە وەرگرتووە کە بەسەر عێراقدا تێپەڕبوونە، بەو هۆیەوە هەنگاوی گەورەی هاویشتوە بەرەو فراوانی و خۆ ڕێکخستن و دەسەڵاتی فرەتر و دەستێوەردان لە کاروباری دادوەری و

هەواڵنامەی کتێب

دەوڵەت، بەتایبەتیش لەو ماوەیەی کە بەرزان ئەلتکریتی ئەرکی بەڕێوەبردنی بەدەستەوە گرت و تا ئەو کاتەی دەزگای ئاسایشی تایبەت پێکهات، کە جێگای یەکەمی گرتە دەست بۆ پاراستنی سەرۆك.

بەڵام سەرەڕای ئەو یەکەمایەتی و پشتگیری بێ هاوتای ئەو دەزگایە لەلایەن خودی سەدام حوسێن، ئەوا دوای دوورخستنەوە و گواستنەوە و خانەنشینکردنی بەشێك لە بەرپرس و کادیرانی ئەو دەزگایە، لەپاش گواستنەوەی (بەرزان) هەروەها دوای جەنگی دووەمی کەنداو، ئەوا کاریگەری نەرێنی بەسەر بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی دەرکەوتووە، هەرچەندە ئەفسەر و بەرپرسانی هەمان موچە و دەسکەوتە تایبەتییەکانیان هەبووە، لە هەردوو ڕووی مادی و مەعنەوی.

دەزگای هەواڵگری عێراق لە ساڵانی دواییدا تووشی چەندین کرداری دەستێوەردان و دزەکردنی دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان بۆتەوە، سەرەرای هێزەکانی ئۆپۆزیسیون کە توانیان دەستیان بگاتە زانیارییەکانی و بەهۆی چەند ئەفسەرێکی، بەتایبەتی ئەوانی لە پێگە و پلەی خوارەوە بوون، ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی پارە و بەرتیل و دەسکەوتی تایبەت، کە هەمووی دەرئەنجامی بێ ورەیی و پەرەسەندنی گەندەڵی بووە، سەرەڕای بێ متمانەیی بە ئایندەی رژێم.

## سەرۆکە گشتییەکانی دەزگای هەواڵگری:

١-سەعدون شاکر سالّ ١٩٧٩.

٢-بەرزان ئیبراهیم ئەلتکریتی سالّ١٩٨٠.

٣-هیشام سەباح ئەلفەخری سالّ ١٩٨٣.

٤-فازل ئەلبەراك سالّ ١٩٨٤.

٥-سەبعاوی ئیبراهیم ئەلتکریتی سالّ ١٩٩٠.

٦-سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری سالّ ١٩٩١.

٧-مانع عەبدولڕەشید سالّ ١٩٩٤.

٨-رافع دەحام مجول ئەلتکریتی سالّ١٩٩٩.

٩-خالد ئەلنەجم

١٠-فازل سەلفیح ئەلعەزاوی سالّ ١٩٨٩.

١١-تاهیر جەلیل حەلبوش سالّ ٢٠٠٣

## پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی[١]

سەرەتاکانی پێکهاتنی ئەم دەزگایە بۆ ساڵی (١٩٢٨) دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەم جار لە ژێر ناوی (نووسینگەی لێکۆڵینەوەکان لە کەتن) پێکهات، کۆنترین دامەزراوەی ئەمن بوو لە مێژووی دەوڵەتی نوێی عێراق، وەك بەشێك بوو لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس، پاشان ئەو بەشە بووە بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ و بەسترایەوە بە وەزارەتی ناوخۆ.

ساڵی (١٩٦٠) یاسای ژمارە (١٨)ی وەزارەتی ناوخۆ دەرچوو، ئەو یاسایە پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆی دیاریکرد، کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دەگرتەوە.

بەپێی یاساکە، پەیکەری ڕێکخراوەیی بەڕێوەبەرایەتیەکە کە لە بڕگەی (٢)ی مادەی (٤) دیاریکرابوو، بەم شێوەی خوارەوە بوو:

أ-نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی، راستەوخۆ بە وەزیری ناوخۆی دەبەسترێتەوە.

ب-بەڕێوەبەرایەتیەکە لەم بەشانە پێکهاتبوو:

---

(١) سەرچاوەکان:

-www.almarashi,Ibrahim(2002-9Iraqs.security and intelligence net work.A.

-فازل البراك-الجزء الأول-شهادة ضابط مخابرات للمؤرخ -فايز الخفاجي-برنامج-العراق-شخصيات من الثلاثاء في ٢٠١٩/١١/٢٨ عن شبكة الانترنيت.

-www.ahewar.org (عقيل الناصري-بحث- ٢٠٢١/٧/٣)

-ناظم كزار-شامل عبدالقادر -مكتبة المجلة-بغداد-ط ٢٠١٤/١ ص٦٨.

-وأد البطل -د.سعد العبيدي-ط١، ٢٠١٢/١ -بغداد ص٣٩٤.

هەواڵنامەی کتێب

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشت و ڕەگەزنامە.

بەڕێوەبەرایەتی نیشتەجێبوون.

بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش لە پارێزگاکان.

سالی (١٩٧٠) یاسای ژمارە (٨٣) دەرچوو بۆ ڕێکخستنی کاری بریکارەکانی ئاسایش.

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بەسترایەوە بە سکرتێری سەرۆك كۆمار.

**ئەرکە سەرەکییەکانی:**

دوای ساڵی (١٩٦٨) ئەم دامەزراوەیە زۆر بە خێرایی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چەندین بەش و لقی جیاوازی بۆ پێکهاتووە، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی بە ئاسانی جێبەجێ بکات، ئەو ئەرکە سەرەکیانەی پێ سپێردرابوو:

١–ڕێگرتن و بەربەرەکانیکردنی چالاکی سیاسی ئۆپۆزیسیون، بەهۆی چاودێری کردنی فراوانترین توێژی کۆمەڵگا و بە دواداچوون بۆ کەسایەتییە عێراقییە ناسراوەکان. هەروەها ئەفسەرانی خانەنشین بە پلەی باڵا و چاندنی بریکار و نۆکەر و کەسانی جێگای باوەڕ لەناو جەستەی هەموو بزووتنەوە و حزبە سیاسیەکان، ئەوانی لە ناو خەڵك چالاکن، سەرەڕای بەلاوەنانی تەواو بۆ هاوڵاتیانی عێراق، ئەوانی گومان لە دڵسۆزییان دەکرێت بۆ ڕژێم و گەمارۆدانی جوڵەکانیان بە ڕادەیەك کە توانای پەیوەندییان لەگەڵ لایەنی ئۆپۆزیسیون نەبێت، هەروەها سزادانی کەسانی خزم و نزیکەکانی ئۆپۆزیسیون بە مەبەستی دامرکاندنیان لەلایەکەوە و دوورخستنەوەیان لە کاری سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەلایەکی دیکەوە.

هـەروەها بڵاوکردنـەوەی حاڵـەتی دڵـەڕاوکێ و تـرس لـەناو کۆمەڵگـە لـە ئاستێکدا بێت کە پاڵ بە خەڵکەوە بنێت بۆ دوورکەوتنەوە لـە سەرچـاوەکانی ئەو مەترسی و هەڕەشانە.

٢-سەپاندی دەسەڵاتی دامەزراوە ئەمنیەکان بەسەر شەقامدا بـە چـەندین شێوازی جیاوازی وەك:

أ-دەسـتڕۆیی دەزگاکـانی ئاسـایش بەسـەر دۆخ و ئایـنـدەی هـاوڵاتی، بەتایبـەتی کاتـێ کـار و پیشـە و لایەنـە مادییەکـەی هـەروەها ئاسـتی سەقامگیری ژیانی پەیوەست دەبێت بە ڕادەی ملکەچی و دڵسۆزی بۆ رژێـم و حزب و دوورکەوتنەوەی لەو هەڵوێستانەی کە دژی ئەو حاڵەتانە دەبن. دیارە ئەوەش بەپێی چەند پێوەر و ڕێنماییەك دەبێت کە دەزگای ئـەمنی دیارییـان دەکات.

ب-بڵاوکردنـەوەی بریکـار و بـەکرێگیراوان لـەناو توێـژەکانی کۆمـەڵگا و دامـەزراوەکانی حکومـەت و دامـەزراوە ئەکادیمییـەکان و ڕێکخـراو و کۆمەڵـە مەدەنییەکان، بە شێوەیەك کـە زانیارییـەکان بـە وردی و خێرایـی بگـەن، بـۆ ئەوەی هاوڵاتی ترس و هەستی ئـەوەی هـەبێت کـە کارێـك نـەکات رژێم پێـی ڕازی نەبێت، یان گوتەیەك دەربڕی ڕەنگە کاردانەوەی بەسەریدا هەبێت.

ح-وەڵامدانـەوەی خێـرا و یەکلاکـەرەوە بـۆ هـەر جوڵـە و ڕەفتارێـك یـان ناڕەزاییـەك لەلایـەن چـەند کەسـانێك یـاخود چـەند کۆمەڵـە و گروپێـك دژی حکومـەت بـن، ئـەو دیاردەیـە یەکسـەر کۆتـایی پـێ بهێنرێـت لـەو شـوێنەی دەستی پێکردوە، بێ ئەوەی ڕێگا بە فراوان بـوونی بـدرێت و لـەو چوارچێوە جوگرافیایەی تیایدا ڕوویـداوە پەرەبسـێنێت، هـەروەك دەوترێـت -مامەڵـەی مەیـدانی لەگـەڵ ڕووداوەکـە. سـەدام حوسـێن نـاوی لـەم حاڵەتـە نـابوو:

تەقاندنەوەی بلّقەکە پێش ئەوەی گەورە بێت، بەم جۆرەش ڕێنمایی دەزگای ئاسایشی دەکرد.

د- بەشداری پێکردنی هاوڵاتی لە جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش یان هەر لایەنێکی سیاسی باڵا دەریان دەکات، بەرامبەر بە کەسانی سزادراو، ئەویش بە شێواز و ئاستی جۆرا و جۆر لە جێبەجێکردن.

بڕیاری کوشتنی (لە سێدارەدان)ی هەر هاوڵاتییەك لە کاری سەربازی هەڵاتوبێت، ئەندامانی ڕێکخراوی حزبی بەعس جێبەجێی دەکەن بە بەرچاوی کەسوکارییەوە لە گەڕەکەکەی خۆی. ئەو سەرپێچییەی ئەندامانی حزبی (بەعس)یان هێزی چەکداری پێی هەڵدەستن و بە دەستدرێژییەکی ئەمنی دادەندرێت بەسەر دەسەڵات یان بەسەر بەهای سەرۆکی دەسەڵات، کوشتنی لەلایەن ئەندامانی حزب (بەعس) جێبەجێ دەکرێ کە لە هەمان دامەزراوە بەیەکەوە کاردەکەن.

ئەو ئەندامانەی حزب (مەبەستی حزبی بەعسە)کە جێگای گومانن، یانیش بوونیان لە جەستەی حزب و دەوڵەت ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی کەسوکاری سەرۆك لە پلە و پایەی ناوخۆی حزب و کاری فەرمانبەرێتی، ئەوانە لەلایەن هاوڕێکانی خۆیان (لە ڕێکخراوە حزبییەکە) لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێییان لەگەڵ ئەنجام دەدرێ بۆ سزادانیان، هەر کەسێکیان لەناو ڕێکخراوە حزبییەکە یان دامەزراوە سەربازییەکە سزای کوشتنیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ.

ئەو کەسانەی تاوانبار کراون بە پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیون، دەزگای ئاسایشی گشتی گۆڕی بە کۆمەڵیان بۆ ئامادە دەکات،

لەسەر لێواری گۆڕەکە تەقەیان لێدەکرێت لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەت لە پلە بەرزەکان و ئەفسەرە پلە باڵاکان هەروەها کادیرەکانی حزب لە پلەی باڵادا.

ئەوانی سەر بە لایەنی ئۆپۆزیسیونن و دەستگیر دەکرێن، ئەوا خێزانەکەی ناچار دەکرێت بە ئاشکرا حاشای لێبکات و لە راگەیاندنی دەوڵەت بڵاو دەکرێتەوە، ئەندامانی عەشیرەتەکەی دەبێ بیکوژن.

٣-بۆ ئەوەی هاوڵاتی ناچار بکرێت هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش بکات، ئەو دەزگایە لەم بارەوە چەندین شێواز و هۆکاری بەکارهێناوە، وەك:

أ-پاداشتی دارایی بۆ ئەو کەسانەی زانیاری دەگەیننە ئاسایش.

ب-بەخشینی رێژەیەك لەو کەلوپەل و کەرەستانەی، دەستی بەسەردا دەگیرێت لە کاتی گەیاندنی هەواڵ بۆ دامەزراوە رەسمییەکان.

ج-دەرفەتی باش بۆ پێشکەوتن و پلە بەرزکردنەوە و دەسکەوتی مادی، بۆ ئەو کەسانەی هاوکاری بەردەوامیان دەبێت بە گەیاندنی زانیاری بۆ دەزگا ئەمنیەکان، لە بەرامبەردا بەکارهێنانی تۆقاندن و سزادان بۆ ئەو کەسانەی رووداوێکیان بینی و دەزگا ئەمنییەکایانی لێ ئاگادار نەکردۆتەوە.

٤-سەپاندنی زۆرداری هزری (بیروباوەڕ) ئەویش لە میانەی:

أ-سەپاندنی چەندین مەرج و رێنمایی بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردن، لە بەرامبەردا رێگاپێدان بە فراوانی بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك کە پەیوەست بێت بە هزری حزبی دەسەڵات (بەعس).

ب-تەنگ پێهەڵچنین و سنوردارکردنی تێگەیشتن لە هەر بیروباوەڕ و هزری لایەنێکی دیکە، هەندێ جار ئەو کارە بە تاوان دادەندراو لە لایەن دادگاوە

هەواڵنامەی کتێب

سزای بەسەرەوە بوو.

ج–ڕێگەنەدان بە خەڵك بۆ ئەوەی سوود لە پێشکەوتنی تەکنیکی نوێی پەیوەندییکردن وەربگن.

د–چاودێری توند بەسەر بابەتەکانی بلاوکردنەوە و چاپکردن.

هـ–کۆت و بەندکردنی بزووتنەوەی هونەری شێوەکاری و شانۆیی، ئاڕاستەکردنی تەنها بەو شێوەی خزمەتی بیروباوەڕی حزبی بەعس بکات و لە خزمەتی دەسەڵات بێت.

و–چاودێری پڕوپاگەندە و واتەواتی دژ بە ڕژێم بە ڕێکخستنی کارەکان لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکانی دیکە. هەروەها هەستان بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆی دژ بەو پڕۆپاگەندانە، کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بڵاو دەکرایەوە.

٥–درێژەپێدان بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی تایبەتن بە خەڵکی عێراق لەسەر هەموو ئاستەکان و پۆلێنکردنیان بەپێی پێویستی بۆیان، ئەوەش بەم شێوازانەی خوارەوە:

أ–تۆڕێك لە نۆکەر و بریکاری دەزگای ئاسایش، کە هەموو دامەزراوەکانی حکومەت و ناوچەکانی عێراق بگرێتەوە.

ب– بەکارهێنانی کوێخاکانی گەڕەك و گوندەکان لە شار و ناوچە جیاوازەکانی عێراق.

ج–بنکەکانی ئاسایش بڵاوەپێکراوبن تا دەگاتە ئاستی ناحیە و گوندەکان لە سەرانسەری عێراق.

د–ئەفسەرانی ئاسایشی دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەت، هەروەها

زانكۆ و پەیمانگاكان لە سەرانسەری عێراق.

هـ-ناوەندەكانی توێژینەوە و لێكۆڵینەوە كە پەیوەندییان لەگەڵ لق و بنكەكانی ئاسایشی هەیە لەلایەكەوە، هەروەها لەگەڵ مەڵبەندی پەرەپێدانی ئاسایش كە بەستراوەتەوە بە دەزگای ئاسایشی گشتی لەلایەكی دیكەوە.

و-رێكخستنی كارەكانی كۆكردنەوەی زانیارییەكان لەگەڵ دەزگا ئەمنیەكانی دیكە.

## شێوازی بەرێوەبردنی كاروباری ئاسایشی گشتی:

ساڵی ١٩٦٣ سەردەمی یەكەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس، بەهۆی كەمی مانەوەی لەسەر دەسەلات، دەرفەتیان بۆ نەخولقا گۆڕان لەو دەزگایە بكەن بەپێی بەرژەوەندییەكانیان.

لەو سەردەمە دەزگای ئاسایشی گشتی نوقمی رووداوەكانی ناكۆكی و ململانێ ببوو بەهۆی پلە و پایە و چەسپاندنی دەسەلاتی حزب و هێزە سیاسیەكانی سەر گۆڕەپانەكە.

ساڵی (١٩٦٨) بە گەڕانەوەی دەسەلاتی بەعس، دەزگای ئاسایشی گشتی بابەتی پێشەكی و جێگای پلانی دەسەلاتداران بوو. لە هەنگاوی یەكەمدا دەسەلاتیان دایە دەستی (نازم كزار) كەچی بە باش دەزانێ بیكات لە پێناو چەسپاندنی دەسەلاتی حزب لەناو دەزگاكە.

بۆیە ئەم دەزگایە لە پێشەوەی دەزگا ئەمنییەكان بوو لە عێراق لە رووی بایەخپێدان لە هەموو ڕوویێكەوە، تا ئەو كاتەی (١٩٧٣) كە بەرێوەبەری گشتی -نازم كزار-هەوڵی كودەتا شكستخواردووەكەیدا، دوای كوشتنی نازم كزار، حكومەتی بەعس لەو سەردەمە بە چەند كارێك هەستا لە ئاست ئەم

هەواڵنامەی کتێب

دەزگایە:

١-پاککردنەوەی دەزگا لە چەند کادیرێکی سیاسی لە پلە حزبیە باڵاکان.

٢-گواستنەوەی کۆمەڵە ئەفسەرێکی پۆلیس لە وانی لەم بوارە شارەزان، لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکەی هەڵگری بڕوانامەی باڵا بۆ دەزگاکە.

٣-داواکرا مەڵبەبەندێکی تایبەت بۆ راهێنانی ئەندامانی حزب بکرێتەوە، لەگەڵ چەند بنکەیەکی لێکۆڵینەوەش.

٤-بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی دەزگاکە کەوتە ژێر دەستی خزمەکانی سەدام حوسێن و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، کە بە زۆری خەڵکی تکریت و ناوچەی سێگۆشەی سوننە نشین بوون.

٥-دەزگاکە پێگەی بەهێز بوو، بەشداریکرد لە پەلامار و دەستوەشاندنی بە هێز لە چەند لایەنێکی سیاسی عێراق کە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیونیان دەبینی. بەتایبەتیش حزبی شیوعی عێراق و حزبی دەعوەی ئیسلامی لە ساڵانی ١٩٧٩ بەدواوە.

٦-بەرپرسیارییەتی دەسەڵاتی فراوان درایە بەرپرسەکانی دەزگاکە تا ئاستی بەڕێوەبەری هۆبە (شعبە)، لە ڕووی چاودێری و بەدواداچوون و شاردنەوەی سیاسیەکان و کوشتنیان.

٧-بەشداریکردنی کارا لە شەڕکردن دژی لایەنەکانی راپەڕینی بەهاری (١٩٩١). لە چەند ناوچەیەك چەند ئەفسەرێکی لاویان وەك دەستەی جیاجیا ناردە شارەکانی باشوور لە کاتی ڕووداوەکانی راپەڕینەکە، بە مەبەستی وێنەگرتن و ئاگاداری و وردبوونەوە لە دیاردە و کەس و هەڵوێستەکان، لەوەش گرینگتر کارکردن بۆ لادانی راپەڕینەکە بە

هەواڵنامەی کتێب

ئاڕاستەی بانگەشە بۆ هەندێ دروشمی ئاینی و تایفی.

بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە، دەزگای ئاسایشی گشتی بەرەو ڕووی کاری پاککردنەوە و گۆڕین و هێنانی کەسانی دیکە بۆتەوە، ساڵی ١٩٩١ بەدواوە، ئەگەرچی بەڕادەیەك كەمتر لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و ئیستخباراتی سەربازی.

ئەو بارودۆخە و خراپی باری ئابووری وڵات، کاریگەری هەبووە بە سەر ئەرك بەجێگەیاندنی دەزگاكە، پلەدار و ئەفسەرەکانی بەرە ڕووی دیاردەی ناپاکی و خۆدزینەوە و هەڵاتن بوونەتەوە.

## ناوی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دەزگاکە:

| | |
|---|---|
| ١-عەلوان حوسین | ١٩٤٠-١٩٤٦ |
| ٢-بەهجەت ئەلعەتیە پێش ساڵی | (١٤/ تەموزی ١٩٥٨). |
| ٣-عەبدولمەجید جەلیل | ١٩٥٨-١٩٦٣ |
| ٤-جەمیل سەبری ئەلبەیاتی | ١٩٦٣ |
| ٥-ئەنوەر سامر | ١٩٦٣-١٩٦٤ |
| ٦-ڕەشید موحسین | ١٩٦٤-١٩٦٥ |
| ٧-عەبدولجەلیل ئەحمەد ئەلعوبەیدی | ١٩٦٥-١٩٦٦ |
| ٨-ئیسماعیل شاهین | ١٩٦٦-١٩٦٨ |
| ٩-نازم کزار | ١٩٦٩-١٩٧٣ |
| ١٠-عەبدولخالق عەبدولعەزیز | ١٩٧٣ -١٩٧٦ |

هەواڵنامەی کتێب

١١–فازل ئەلبەڕاك ١٩٧٦–١٩٨٤

١٢–عەلی حەسەن ئەلمەجید ١٩٨٤–١٩٨٧

١٣–عەبدولرەحمان ئەحمەد ئەلدوری ١٩٨٧–١٩٩١

١٤–سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن ١٩٩١–١٩٩٦

١٥–تەها عەباس ئەلجەنابی ١٩٩٦–١٩٩٧

١٦–تاهیر جەلیل حەبوش ١٩٩٧–١٩٩٩

١٧–رافع عبدوللەتیف تلفاح ١٩٩٩–٢٠٠٣

هەواڵنامەی کتێب

## شەشەم: کۆشکی (ئەلنیهایە)[1].

ئەم کۆشکە پێشتر ناوی –کۆشکی ئەلریحاب– بوو، شوێنی حەوانەوەی خانەوادەی شای عێراق بوو، پاش شۆڕشی (١٤/تەموزی/ ١٩٥٨) گۆڕا و بوو بە نەخۆشخانە، لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر ١٩٦٨ گۆڕا و بوو بە زیندانی گەورەترین شوێنی ئەشکەنجەدان.

کۆشکەکە بەناوبانگترین زیندانی عێراق بوو، لەناو ژوورەکانی سەدان تێکۆشەر و سیاسەتمەداری عێراق بەرەو ڕووی ئەشکەنجە و کوشتن بوونەتوە.

بەڕێوەبەرایەتی کۆشکەکە (وەك زیندان) لەلایەن–دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی– بە نهێنی بەڕێوەچووە، سەدام حوسێن سەرپەرشتی دەکرد ئەو کات جێگری ئەمنیداری حزب و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش –نازم کزار–ئەندامی سەرکردایەتی لقی بەغدا–بەڕێوەی دەبرد، دەستەی کارگێڕی کۆشك لە (٧٥) کەس پێکهاتبوو، دوو دەستەی لێکۆڵینەوەی بۆ پێکهێنرابوو: یەکەمیان عەلی ڕەزا سەرۆکی بوو، دووەمیان حەسەن ئەلمتێری سەرۆکی بوو.

ئەو زیندانە کە خانووبەرەیەکی زۆری بۆ زیاد کرابوو، لەسەر رووبەرێکی فراوانی زەوی بوو، لە چەند بەشێك پێکهاتبوو، بەم شێوەیە:

---

(١) سەرچاوە:

–مجلة أوراق من ذاكرة العراق–شامل عبدالقادر، العدد ٤٧، ١٥ آذار/٢٠١٦ بغداد ص٣٦.

–ناظم كراز، تأليف شامل عبدالقادر–ط١/بغداد ٢٠١٤، ص٨٢.

–وثائق لاتموت–عبدالهادي الركابي، ط١، ٢٠١٨ ص٥٨.

١–تەلارە کۆنەکەی کۆشك، ناویان لێنابوو کۆشکی لاوان، بەشی کارگێڕی زیندانەکە بوو.

٢–بەشێکی بچووکی دیکەی کە لە (٧) ژوور پێکهاتبوو، سەرەڕای چەند ژوورێکی دیکەی تایبەت بە ئەشکەنجەدانی زیندانیان، ئەو بەشە زیندانیەکان ناویان لێنابوو (ژوورەکانی ئەشکەنجەدان) کە چەندین کەرەستە و ئامرازی ئەشکەنجەدانی تیا بووە، لەوانە: چەند ئامێرێکی کارەبایی بۆ داخکردن بەکارهێنراوە، هەروەها سی کورسی گەورەی ئاسن، زیندانی لەسەری دادەنیشت و هەر چوار دەست و لاقی بە کورسیەکان دەبەسترایەوە و تەوقی سەریشی بە ئاسنێك دەبەسترا، زستان ئاوی ساردیان پێدا دەکرا، هاوینانیش ئاوی گەرم.

ئاسنێك وەك (ئەڵقە) بە بانی ژوورەکە بەسترابووە و گوریسێکی پێوە هەڵواسرابوو بۆ هەڵواسینی زیندانی لە کاتی ئەشکەنجەدان.

٣–بەشێکی دیکەی ئەو زیندانە ناوی لێنرابوو بەشی (سیخور و تاوانباران) ئەو بەشە لە سێ هۆڵی گەورە و نزیکەی (٥٠) ژوور پێکهاتبوو، هەر ژوورێکی بە تەنیا یەك زیندانی تیادابوو.

٤–هۆڵی سەرەکی زیندانەکە (کە هۆڵێکی گەورە بوو) ئەوە رۆژانە بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر دەرگای دەکرایەوە، زیندانیان بەشێکیان دەیانتوانی لەوێ کۆببنەوە، رۆژنامەکانی حکومەتی تیادا بوو بۆ خوێندنەوە، لەگەڵ ئامێرێکی تۆمارکەر (ریکۆرد) کە سرودی نیشتمانی بەعسی دەپەخشی بە دەنگێکی بەرز.

٥–کۆشکی میر عبدولجەبار (بەشێکی دیکەی زیندانی ئەلنیهایە) بوو، لەو بەشە ئەو زیندانیانەی شێت ببوون، یان ئومێدی ئازادبوونیان نەبوو لەو

هەواڵنامەی کتێب

شوێنە کۆکرابوونەوە. لەو کۆشکە هەر جۆرە پەنجەرەیەك یان کونێك کە ڕووناکی بەهۆیەوە پەیدا بێت نەبووە، دەرگاکانیش لە ئاسن دروستکرابوون، هەموویان داخرابوون.

ڕۆژانە بۆ ماوەی چەند خولەکێك دەرگای دەکرایەوە و کاتێ زیندانیان دەکرانە دەرەوە بۆ دەم و چاو شووشتن و پێویستی توالێت.

زیندانیەکانی ئەو بەشە نەیاندەزانی کەی شەوە و کەی ڕۆژە، تەنها ئەگەر بە هۆی خواردنی بەیانیان بیانزانیایە ئەوە سەر لەبەریانییە.

لەو کۆشکە کۆمەڵە ژێرزەمینێك (سەرداب) هەبووە، تا چۆکی مرۆڤ ئاوی تیادا وەستاوە، تەنها هاواری زیندانی لێ دەبیسترا.

لە کاتی بەندکردنی هەر کەسێك یەکسەر هەردوو چاوی دەبەسترایەوە و ڕەوانەی کۆشکی ئەلنیهایە دەکرا، کاتی گەیشتنی بەرەو ڕووی ئەو جۆرە مامەڵە و ئەشکەنجەیە دەبۆوە.

ئەو کۆشکە ناوی —ئەلنیهایە—ی لێنرا بە واتای کۆتایی هاتنی ئەوانی دەگەنە ئەو شوێنە، ڕەنگە یەك بەناوبانگترین زیندان بێت لە عێراق، لەگەڵ زیندانی —نوگرە سەلمان—.

لەو زیندانە زیاتر لە (١٠) تیپیی ئەشکەنجەدانی لێبووە، هەر تیپێك لە نێوان (٣–١٠) کەس دەبوون، ئەوانی لەو کۆشکە بەندە دەکران جاری وا هەبووە بە درێژایی شەو و ڕۆژ بۆ ماوەی هەفتەیەك دەخرانە ژێر ئەشکەنجە بۆ ئەوەی تاوانبارکراو دان بەوە بنێ کە جەلادەکان داوای لێ دەکەن، وەك: سیخوری بۆ دەوڵەتێك، بەشداری لە پیلانێك دژی ڕژێم، یان ئەندامێکی حزبەکانی ئۆپۆزیسیون یاخود بە کاری قاچاغچێتی مادە هۆشبەرەکان

هەستاوە، یانیش پارەی بۆ دەرەوەی عێراق بردووە و دژی یاسابووە، هەروەها ناپاکی کردووە.. هتد.

ئەگەر تاوانبارکراو دانینابە یەك لەو تاوانانە، ئەوا دانپێنانەکەی لەگەڵ وێنەکەی تۆمار دەکرێت، پاشان لە تەلەفزیۆن بڵاودەکرێتەوە، بڕیاری کوشتنی یاخود زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەردەچێت.

بە پێچەوانە ئەگەر دانیشی نەنا، ئەوا ئەشکەنجەدانی بە توندترین شێوە بەردەوام دەبێت، دیارە لەو بارەشدا چارەنووسی مردنە، یانیش ئەندامێکی جەستەی لە دەس دەدات و .. وردە وردە روو لە مردن دەکات، زۆر جاریش بە شێوازێك لەناو زیندان دەکوژرا و بزریان دەکرد.

**جۆرەکانی ئەشکەنجەدان لەو زیندانە.**

١-دەرهێنانی چاو.

٢-قرتاندن و لێکردنەوەی گوێ.

٣-بڕینی لووت.

٤-بسمار لێدانی گوێ بە دیوار، بە جۆرێك کە تاوانبار نەتوانێ دابنیشێ یاخود بخەوێ.

٥-دەست شکاندن.

٦-شکاندنی لاق.

٧-شکاندنی ئێسکەکانی جەستە.

٨-نینۆك هەڵکەندن.

٩-هەڵکیشانی مووی سەر یان ڕیش.

١٠-ڕاکێشانی گون بە هۆی پەتێك.

١١–لێدانی گون تا ڕادەی تەقین.

١٢–ئازاردانی زەکەری پیاو.

١٣–هێشتنەوەی بەندکراو لە ژوورێکی تاریك تا کوێر دەبێت.

١٤–دەسدرێژی سیکسی بەسەر ژنان.

١٥–دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر پیاوان.

١٦–کوژاندنەوەی ئاگری جگەرە لەسەر جەستەی زیندانی.

١٧–شکاندنی پەنجەکان.

١٨–لێدانی سەری زیندانی.

١٩–فەلاقەکردنی پیاو.

٢٠–لێدان بە سۆندەی ئاو.

٢١– دەرگا داخستن لەسەر پێی یان دەستی زیندانی.

٢٢–بڕینی جەستە بە موس.

٢٣–بڕینی جەستە، خوێ یان بیبەری پێدابکرێت.

٢٤–هەڵواسینی زیندانی سەر بەرەو خوار.

٣٥–هەڵواسینی ژن بە مەمکەکان.

٢٦–هەڵواسین بە پرچی سەر.

٢٧–ژەهر پێدان.

٢٨–هێشتنەوەی بەندکراو لە ژوورێکی تەسك کە نەتوانێ بخەوێت یان بجوڵێت.

٢٩–قەدەغەکردنی ئاو خواردن لە ڕۆژانی زۆر گەرم.

هەوالنامەی کتێب

٣٠-پێدانی خواردنی زۆر گەرم و قەدەغەکردنی ئاو خواردنەوە.

٣١-ئاوڕشتن لە ژووری زیندانی بۆ ئەوەی نەتوانێت بخەوێت یان دابنیشێ.

٣٢-پاڵخستنی زیندانی بە ڕووتی لەسەر شووشەی شکاو.

٣٣-چەقاندنی بسمار لە جەستەی زیندانی.

٣٤-لێدانی زیندانی بە لەقە و مست بە چەند کەسێك.

٣٥-لێدان لە ڕوومەتەکانی بەندکراو تا ڕادەی ئاوسان و هەندێ جار دەبووە هۆی کوێر بوون.

٣٦-ڕژاندنی تیزاب بەسەر جەستە.

٣٧-بەستنەوەی بەندکراو لە پێیەکانی و شۆڕکردنەوەی بۆ ناو بیر، هەندێ جار دەبووە هۆی پسانی دەمارەکانی پاژنە.

٣٨-لێکردنەوەی ئەندامی نێرینەی پیاو.

٣٩-خەساندنی پیاو (گون دەرهێنان).

٤٠-دانانی بەندکراو لەسەر زەوییەکی گەرم یان پارچە ئاسنێکی زۆر گەرم.

٤١-هێناو بردنی زیندانی لەناو قیری تواوە.

٤٢-نوقم کردن لەناو ئاو بۆ ماوەی چەند خولەکێك.

٤٣-هەڵکێشانی بەندکراو لەناو میز و پیسایی.

٤٤-داخکردنی لەشی زیندانی بە ئاسنی گەرم.

٤٥-داخکردنی جەستەی زیندانی بە ئامێری کارەبایی.

هەواڵنامەی کتێب

٤٦–زۆر لێکردن لە بەندکراو بە ڕاکردن بۆ ماوەی یەك کاتژمێر یاخود زۆرتر بێ وەستان، چەند کەسێکیش بە دواوەی بوون بۆ لێدانی بە سۆندە ئەگەر وەستا.

٤٧–هاتووچۆ پێکردنی بەندکراو بەناو دڕك و داڵ.

٤٨–ڕێگرتن لە خۆشوشتن لە ڕۆژانی زۆر گەرم بۆ ئەوەی تووشی ئارەقە و ناڕەحەتی بێت.

٤٩–برسی کردن بۆ چەند ڕۆژێك.

٥٠–خواردنی دڕکاوی پێ بدرێت بۆ ئازاردانی.

٥١–پێداکردنی ڕۆنی گەرم بە دەم و چاو.

٥٢–ڕاگرتنی بەندکراو و پێداکردنی ئاوی سارد و بەشێوەیەکی بەردەوام.

٥٣–پێداکردنی ئاوی زۆر گەرم بەسەر لەش.

٥٤–مانەوەی زیندانی بە لەشی ڕووت لە شەوانی ساردی زستان.

٥٥–دەرزی لێدان کە ببێتە هۆی ئیفلیجی.

٥٦–ڕاکێشانی زمانی بەندکراو تا دەمارێکی بپسێ.

٥٧–ڕووتکردنەوەی لە جلوبەرگەکانی و هێشتنەوەی بۆ ماوەیەك.

٥٨–پاکردنەوەی ئاودەس و پیسایی بە زیندانی.

٥٩–داخکردنی سەری ئەندامی نێرینەی پیاو، هەندێ جاریش گوێ و ملی.

٦٠–لەسەرکردنی کڵاوی ئاسن و تێپەرکردنی وزەی کارەبا پێیدا.

٦١–درێژکردنی زیندانی لە ژوورێك کە بانەکەی زۆر نزم بێت و نەتوانێت ڕاست بێتەوە.

٦٢-ئەشکەنجەدانی دەروونی و ڕۆحی، بە تـوانج تێگـرتن و جنێـودان بـە ئاین و ڕێبازەکەی.

٦٣-پیاکردنی دەرزی بە لەشی بەندکراو.

٦٤-ڕژاندنی تیزاب بەسەر هەندێ شوێنی هەستیاری جەستە.

٦٥-ڕێگرتن لەوەی بەندکراو بخەوێت.

٦٦-ڕێگرتن لە چوونە ئاودەست.

٦٧-بەستنەوەی ئەندامی نێرینە بۆ ئەوەی میزی پێ نەکرێت.

٦٨-هێشتنەوەی لەبەر هەتاو لە ڕۆژانی زۆر گەرم.

٦٩-پیسایی بخرێتە سەر و چاوی و ڕێگانەدان بە خۆشووشتن.

٧٠-لێدان بە قۆنداغەی تفەنگ.

٧١-لێدانی تەزووی کارەبا لە چەند شوێنێکی هەستیاری جەستە.

٧٢-دانانی ئامێرێك لەناو دەمی زیندانی تا نەتوانی بدوێ.

٧٣-هەڵکێشان و شکاندنی ددانەکانی.

**ناوی بەشێك لە جەلادەکانی زیندانیەکە.**

**١-نازم کزار:**

بەڕێوەبـەری گشـتی ئاسـایش لـە نێـوان (١٩٦٨-١٩٧٣)، لـە دایکبـووی (١٩٤٠).

لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٦١-١٩٦٨) لـە زینـدان بـووە، سـاڵی ١٩٧٣ لـە ئـەنجامی هـەوڵی کودەتـا بەسـەر دەسـەڵاتەکەی ئەحمـەد حەسـەن ئەلبـەکر کوژراوە.

**٢–عەلی رەزا باوە.**

مامۆستای سەرەتایی بوو، کۆلێژی مافی خوێندووە، بەرپرس بووە لە دەزگای هەواڵگری عێراق، ئەندامی دادگای تایبەت بە سەرۆکایەتی (تەها یاسین رەمەزان).

**٣–عەبدولکەریم ئەلشێخلی:**

هاوڕێی نزیکی سەدام حوسین بوو، کۆلێژی پزیشکی خوێندووە، ماوەیەك وەزیری دەرەوەی عێراق بوو، ڕۆلی گەورەی هەبوو لە تیرۆرکردنی (حەردان ئەلتکریتی) ساڵی (١٩٨٠).

هەواڵنامەی کتێب

**لەو کەسانەی کە بە ڕۆڵی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان هەڵدەستان:**

| | |
|---|---|
| ١–عەمار عەلوش | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ٢–خالید تەبرە | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ٣–فواد محەمەد | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ٤–مەهدی عەبدولئەمیر | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە |
| ٥–ئەحمەد ئەلعەزاوی | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ٦–فازل ئەحمەد | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ٧–فایەق ئەحمەد | نووسینگەی تایبەتی هەواڵگری. |
| ٨–عەباس ئەلخەفاجی | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ٩–هادی موهەندیس | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ١٠–ئەمین عەبدوڵڵا | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |

| | |
|---|---|
| ١١–عەدنان سامر | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ١٢–کەنعان ئەحمەد | نووسینگەی تایبەتی هەواڵگری. |
| ١٣–سەعدون شاکر هاوڕێی نزیکی سەدام، | ئەندامی دەزگای هەواڵگری. |
| ١٤–مولازم قوتەیبە ئالوسی | نووسینگەی تایبەتی هەواڵگری. |
| ١٥–رەمزی جەرجیس یوسف | ئەشکەنجەدانی ژنان. |
| ١٦–زوهیر مەهدی | ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوە. |
| ١٧–راجع عیزەت | ئەندامی دەستەی ئەشکەنجەدان. |
| ١٨–رافع نعمان | ئەندامی دەستەی ئەشکەنجەدان. |
| ١٩–عەلی کزار | ئەندامی دەستەی ئەشکەنجەدان. |

٢٠–نەشئەت یەعقوب، عەدنان عەلی، قەحتان شاکر، ئەحمەد فەیزوڵڵا، غەسان حەمەد، رەزا مەهدی، خالید رەشید، ئەحمەد خالید، عەدنان عوگەیلی، زیاد ئەحمەد، (دەستەی ئەشکەنجەدان).

هەواڵنامەی کتێب

## حەوتەم: دادگا تایبەتییەکان[1]

پاش کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٦٨)، دیاردەی دادگا تایبەتیەکان لە عێراق دەرکەوت.

دیارە سەرکردەکانی رژێمی بەعس (وەك ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەدام حوسێن) لە توانایان نەبووە، دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیان بەکاربهێنن بەو شێوەی ئارەزوویان لەسەریەتی ئەوە سەرەرای هەموو هەوڵەکانیان بۆ کرینی ویژدان و هەڵوێستی دادوەرەکان بەهۆی دیاری و دابەشکردنی ئۆتۆمۆبیل و خانوو و زەوی و موچەی بەرز و .. هتد.

بۆیە شێوازێکی تایبەتیان داهێنا بۆ ئەوەی بتوانن بەرامبەر نەیار و بەرەی ئۆپۆزیسیون و لە ژێر سێبەری یاسایەك کە خۆیان دایان رشتووە، ئامانجەکانیان بەدیبهێنن.

بۆ ئەو مەبەستەش، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە سەرەتای دەسەڵاتییەوە، بریاری دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی دەرکرد، ئەو دادگایە هەر جۆرە پەیوەندییەکی بە دادوەریی عێراق و یاسا پیادەکراوەکان نەبووە، هەروەها لە ناو ریزەکانی ئەو دادگایە هیچ دادوەرێکی راستەقینەشی تیا نەبووە، دادگاکە ناوی لێنرا (دادگای شۆرش).

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) سەرچاوە:

–زهير ناظم عبود، محاكمة صدام، مؤسسة حمدي للنشر–السليمانية–ط١ ص٧٠.

–طالب الحسن–بطانة السلطان–مكتبة الحضارات–بغداد ط٢/٢٠١٠.

–وثائق لاتموت–عبدالهادي الركابي –ط١/٢٠٠٨ ص٦٦.

**ئەرکەکانی ئەو دادگایە لەم چەند خاڵە کۆکرایەوە:**

١-ئەو تاوانانەی پەیوەندییان بە ئاسایشی دەوڵەت هەیە.

٢-هەموو تاوانە سیاسیەکان.

٣-هەموو ئەو حاڵەتانەی لەلایەن سەرۆك کۆمار و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئاراستەی دادگا دەکرێت.

لەلایەن ئەم دادگایەوە نامۆترین و توند و ستەمکارترین بڕیار دەردەچوو بەرامبەر هاوڵاتییە عێراقییەکان، لە ژێر ناوی یاسا و دادوەریدا.

هەموو ئەو تاوان و کێشە و دیاردە یاسایی و سیاسی و ئابوورییانەی کە دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایش و حزب (بەعس) لێکۆڵینەوەیان تیادا بکردایە، ڕەوانەی ئەم دادگایە دەکرا، هەروەها زۆر بابەت و کێشەی دیکە لە دادگا ئاساییەکانی دەوڵەت وەردەگیرایەوە و ڕەوانەی ئەم دادگایە دەکرا.

لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات چەندین دادوەری دادەمەزراند کە ئەرکیان کاروباری ئاسایش و هەواڵگری بووە، ئەوانە کاریان لەناو بەشەکانی دادوەری نەکردبوو، هەروەها بەپێی ڕێزبەندی کاری یاسایی پلەیان وەرنەگرتبوو، بەشێکی زۆریان لە پەیمانگای دادوەری دەرەنەچووبوون، لە کاری دادوەری هەر جۆرە ڕاهێنانێکیان ئەنجام نەدابوو لە ژێر چاودێری دادوەرەکان، سەرەڕای ئەوانەش کار و بریارەکانیان لەلایەن دادوەرەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە چاودێری و سەرپەرشتی نەدەکرا، بڕیارەکانیشی جێگای لێوردبوونەوە و بە دواداچوونی دادگای تێهەڵچوونەوە نەبووە، ڕێگا بە هیچ دادوەرێك یاخود لایەنێکی دادگایی نەدەدرا بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانی ئەو دادگایە بکات.

ئەو دەزگایانەی ئاسایش، شێوازی یاسایی دیاریکراو لە دەقەکانی دادگا سزاییەکان لە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنیان پیادە نەدەکرد، ئەوە سەرەرای ئەوەی زۆرینەی ئەوانەی لەو دادگایانە کاریان کردووە، کەسانی دادوەری شارەزا نەبوونە لە کاری تاوانباری یاخود مەدەنی، هەروەها وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری یاخود سەرپەرشتیاری دادوەری یان هەر دامەزراوەیەکی دادوەری هەر جۆرە پەیوەندییەکیان بەو دادگایە نەبووە.

دیارە کارێکی نامۆش نییە کە بڕیارەکانی ئەم دادگایە لەگەڵ ماوەی سزا یاساییەکان، بەو شێوەی لە یاسای سزادانی عێراقدا داڕێژراون و خودی حکومەتی کودەتای (١٧ تەموزی ١٩٦٨) دەریکردون یەك ناگرنەوە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە زۆربەی بڕیارەکانی دادکا ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکەوە دەردەچێت بێ وردبوونەوە، یاخود پشکنینی بەڵگەکانی و هەڵسەنگاندنیان، لە ڕێگای دەزگای کاروباری ئاسودەیی و ئاسایشی نیشتمانی لە دیوانی سەرۆکایەتی، بەڵام دوایی و بەهۆی زۆری ئەو کردارانەی کە دەسەڵات بە تێکدانی باری ئەمنی وڵاتی دادەنێت لەلایەکەوە، هەروەها بە هۆی توند بوونی دەنگی ناڕەزایی لە سەرانسەری عێراق دژی ڕێبازی حوکمڕانی سەدام حوسێن لەلایەکی دیکەوە، دەسەڵات بڕیاری دا بە پێکهێنانی چەندین دادگای تایبەت لەسەر هەمان شێوەی دادگای شۆڕش، وەك: دادگای دەزگای هەواڵگری، دادگای دامەزراوەی پیشەسازی سەربازی، دادگای ئاسایشی گشتی... کار گەیشتە ئەوەی لێژنەی ئۆلۆمپی عێراق دادگایەکی تایبەت دروست بکات سەر بە عودەی سەدام حوسێن.

دوای ئەو بارودۆخە و بەهۆی زۆر بە خراپی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی دادگای شۆڕش، کە بوو بە هۆی کوشتن و زیندانی کردنی هەزاران هاوڵاتی،

سەدام حوسین بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی دادگای شۆڕش، ئەم دادگایە چەند کەسێك سەرۆکایەتیان کردووە، بە زنجیرە: عەلی هادی وتوت، موسلم ئەلجبوری، عەواد حەمەد ئەلبەندەر.

پاش هەڵوەشاندنەوەی دادگای شۆڕش، دەسەڵات بڕیاریدا بە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئەم دادگایەش سەرۆك و کارمەندانی لە دادگای شۆڕش باشتر نەبوون، لە کارەکانی هەمان ڕێبازی دادگای شۆڕشی پیادە دەکرد، لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی ئەو کەسانەی دەکرد کە جنێو و قسەی ناشیرینیان بە سەدام و بنەماڵەکەی و بە حزبی بەعس و دەسەڵاتدارانی حکومەت دەدا، هەروەها دادگاییکردنی ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە حزبەکانی ئۆپۆزیسیون هەبووە.

لەلایەکی دیکەوە سەدام حوسین، دەسەڵاتی داوەتە ڕێکخراوەکانی حزبی بەعس (تیب، هۆبە، لق) زۆرتر لەو دەسەڵاتەی دەدرایە دادگا تایبەتەکان، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی سەدام بە ڕێکخراوەکانی حزبی بەعس دابوو، ئەوانە دەیانتوانی:

گوێ و زمانی هاوڵاتی ببڕن ئەگەر هاتوو جنێو و قسەی ناشیرین بە سەدام و کەسوکارەکەی بدەن، یان ڕەخنەی لێبگرن، هەروەها دەسەڵاتەکانی ئەو ڕێکخراوانە ئەوانەشی دەگرتەوە کە لە خزمەتی سەربازی هەڵاتبوون. بەم شێوازە دەسەڵاتی دادوەری لە ڕژێمەکەی سەدام حوسین بەڕێوە دەچوو.

هەوراز نامەی کتێب

## هەشتەم: (هەڵسەنگاندن)[1]

### أ-خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دەزگا ئەمنیەکانی عێراق

#### ١-تێکەڵبوونی ئەرکەکان:

تێکەڵبوونێك لە کاروبارکان و فراوانبوونی ئەرکە تایبەتیەکانی دەزگا ئەمنی و سیخوڕییەکانی دەوڵەت، ئەگەرچی لە ڕووی یاساییەوە ئەرکەکانیان دیاریکرابوو بۆیان.

هەواڵگری گشتی ئەرکەکانی ڕێگرتن بوو لە کاری سیخوڕی لەناوخۆ و دەرەوە، هەروەها دابینکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکان بوو بۆ دەوڵەت.

ئاسایشی گشتی، گرینگی بە ئاسایشی ناوخۆی وڵات دەدات، سەرەڕای ڕێگرتن لە چالاکی حزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیون.

ئیستخباراتی سەربازی، ئەرکی دابینکردنی زانیاریەکانە لە هەردوو ڕووی ئامادەکاری و ئیستراتیژی پێویست بۆ هێزە چەکدارەکان.

بەڵام ئەوەی بەڕاستی ڕوویداوە، تێکەڵاوییەکی گەورە ڕوویدا لە نێوان کار و ئەرکەکانی ئەو دەزگایانە.

---

(١) سەرچاوەکان:

-www.algardenia.com 4.4.2014

-www.archie-acwsat.com

-وأد البطل-د. سعد العبيدي-ط١/٢٠١٢ بغداد ص٣٧٦.

-جدار بين ظلمين، بلقيس شرارة-رفعة الجادرجي-دار الساقي -لندن ٢٠٠٣-نقلاً عن كتاب د. كاظم حبيب-قراءات في كتب حديثة مثيرة للجدل ص٢٩.

## ٢-دەستێوەردانی دەزگا ئەمنییەکان بۆ یاسا و کاروبارەکانی دەوڵەت:

دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان لە ڕژێمە شمولییەکان، وەك لایەنێك ناڕاستەوخۆ بەردەوام بەشداری دەکەن لە دانانی یاسا و دەستێوەردانی یاسا گشتییەکانی دەوڵەت، تا دەگاتە ئاستی ئەوەی ئەو دەزگایانە بە ڕەهایی بجووڵێنەوە بۆ ئەوەی متمانەی کەسی یەکەمی دەسەڵات بەدەست بهێنن، لە ڕێگای چالاکییەکانیان بۆ پارێزگاری کردنی فەرمانڕەوایی دەوڵەت. لەو بوارەدا دەسەڵاتەکانیان سنوردار نابن: لە گرتن و شاردنەوە و تیرۆرکردن و تاوانبار کردن، تا دەگاتە شاردنەوەی تاوانەکان و زانیارییەکان، یاخود بلاوکردنەوەیان.. هتد.

ئەو دەزگایانە مافێکی زۆریان پێ دراوە، بەدەستێوەردان لە کاروباری دادگاکان، بە ڕێگرتن لە هەر بڕیارێکی دادگا، یاخود سەپاندنی بڕیارێکی دیکە، لەگەڵ دەسەڵاتی دەستێوەردان لە کاروباری هونەری و تەکنیکی دامەزراوەکانی دەوڵەت. بەتایبەتی لە بواری گواستنەوەو دامەزراندنی فەرمانبەر و بەرزکردنەوەی پلە و پایە، یانیش دەرکردنیان.

ئەو دەستێوەردانە هەندێ جار پەل دەهاوێت بۆ ناو کاروباری ئابووری و بەڵێندەری و دامەزراندنی پرۆژەکان و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان.

دەستێوەردانی هەواڵگری دەگاتە ڕادەی چاودێریکردنی تەلەفۆنی ئەوانی خزم و کەس و کاریان لە دەرەوەی وڵات هەیە، هەروەها ڕێگرتن لە هاوڵاتی کە بە کاروباری ئاینی و کۆمەڵایەتی خۆی هەستێت، یان بیروڕای خۆی دەربڕێ ئەگەر جیاواز بوو لە بیروڕای حزبی دەسەڵات، ڕەنگە ئەو دەستێوەردانە بگاتە ئاستی روخاندن و ئابڕۆ بردن.

هەواڵنامەی کتێب

**٣–لە یەکچوونی بونیادی دەزگا هەواڵگرییەکان.**

بە تەماشکردنێکی سەرەتایی بۆ بارودۆخ و کردارەکانی دەزگا ئەمنیەکانی رژێمە دیکتاتۆرییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە لەیەکچوونێك هەیەن لە ڕووی فرەیی ئەو دەزگایانە، هەروەها ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەرك و شێوازەکانی کارکردنیان هەیە بە جۆرێکی چەوسێنەرانە و لەگەڵ شێوەی پەیوەندی راستەوخۆیان بە سەرۆکی دەوڵەت یان بە کەسێکی نزیبکەوە.

لە وڵاتێکی وەك عێراق لە ماوەی دەسەڵاتی حزبی بەعس دەرکەوت کە ئەو دەزگایانە خەسڵەتەکانی زۆرداری و چەوساندنەوەیان هەڵگرتووە سەرەڕای بێ ئابووڕیی پیشەیی.

**٤–فەلسەفەی دەسەڵات لە عێراق (سەردەمی سەدام حوسین) دەزگا ئەمنیە فرەییەکان جێبەجێیان دەکرد.**

ئەو دەزگایانە هاوکاری دەوڵەت و سەرکردەکەی بوون، لەگەڵ ئەوانیش هەردوو دامەزراوەی سەربازی و حزبی لە (پاسەوانی کۆماری، پاسەوانی تایبەت، سوپای نیزامین جەیشی شەعبی، فیدایی سەدام). هەموو هاوکار و ئامڕازی دەسەڵات و سەرۆکەکەی بوونە.

ئەو دۆخە جێگای ڕەخنە و ناڕەزاییەکی توندی مرۆڤی ئاسایی بووە لە عێراق، هەروەها بووە بە هۆی هەڵاتن و پەناهەندەبوونی ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی ئەم وڵاتە.

**٥–دەزگاکانی هەواڵگری سەردەمی رژێمی سەدام حوسین،** کاریگەری شێوازی کارکردن و بنەماڵەکانی قوتابخانەی ڕۆژهەڵات و دەوڵەتانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیستی بەسەرەوە دیار و ڕوون بووە.

دەزگاکانی هەواڵگری لە وڵاتانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و پۆڵەندا و یوغوسلافیا هاوکاری باشیان هەبووە لە ڕووی هونەری و تەکتیکی و شێوازەکانی کارکردن بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق.

## ب–نوشستیەکان:

دەزگاکانی هەواڵگری و سیخوڕی لە سەردەمی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن، سەرەڕای توانا و چالاکییەکان، بەرەو ڕووی چەندین دیاردەی نوشستی و تێشکانی گەورە بوونەتەوە، لەوانەش:

١–تێوەگلان لە جەنگی هەشت ساڵەی ئێران.

٢–لێدان و وێرانکردنی دامەزراوەی ئەتۆمی عێراق لەلایەن ئیسرائیلەوە.

٣–کارەساتەکانی داگیرکردنی وڵاتی کویت.

٤–هەڵاتنی حوسێن کامل (بەرپرسی دامەزراوەی پیشەسازی سەربازی).

٥–تەقەکردن لە عودەی کوڕە گەورەی سەدام لەناو شاری بەغدا.

٦–نوشستی هێنان لە پارێزگاریکردن لە خودی (سەدام حوسێن) سەرۆکی ڕژێم.

٧–کۆڵدان و داڕمانی سوپا لە جەنگی ٢٠٠٣ دژ بە ئەمریکا.

## ج–لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین:

ئەم ڕژێمە بە خراپترین دەسەڵات و ئاستی حوکمڕانی دادەندرێت لەمێژووی نوێی و هاوچەرخی عێراق، کار و بڕیار و ڕەفتارەکانی لە هەموو ئاستێکدا پێچەوانەی هەموو بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ بوونە، هەروەها وڵاتیشی بەرەو ڕووی خراپترین دۆخی ئابووری و لێکترازانی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە.

هەوڵنامەی کتێب

**خەسڵەتەکانی ئەم رژێمە بریتی بووە لە:**

أ-ونبوونێکی تەواوی ژیانی دەستوری و یاسایی، هەروەها نەبوونی ئازادی تاك و مافی مرۆڤ و بەرگریکردن لە خود.

ب-نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ، کە توانای وەرگرتنی بریاری هەبێت دوور لە ویستی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و ئیرادەی فەرمانڕەوا.

جـ-مافی ڕەهای-دەسەڵات و فەرمانڕەوا-بەدەرکردنی بڕیاری بەند کردنی هەر کەسێك و لە هەر پلە و پایەیکدا بێت، بێ ئەوەی بیانوو و هۆیەکانی ئەو بەند کردنە ئاشکرا بکرێت.

د-دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری مافی دەستگیرکردنی هەر کەسێکیان هەیە بێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری دادوەر، یاخود لێکۆڵینەوە کردن لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یانیش دادگایەکی شەرعی و بەپێی بنەماکانی یاسا.

هـ-دامەزراوە ئەمنیەکان مافی بەندکردن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی هەر کەسێکیان هەیە بێ هەر جۆرە ترسێك لە لێپرسینەوە یان سزادان.

و-دەسەڵات لە سەردەمی رژێمەکەی سەدام، هەڵگری ڕق و قینی توند بووە بەرامبەر مرۆڤ و ویستی ریسواکردنی و پانکردنەوە هەست و رێز و نامۆسی.

ز-بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە دڵ و دەروون و ڕەفتاری خەڵکی، ئەو دیاردەیەش کاریگەری دوولایەنەی هەبووە بەسەر کەسێتی مرۆڤ، لە ڕەفتار و لە پەیوەندییەکانی.

هەواڵنامەی کتێب

# پاشکۆی بەڵگەنامەکان

## أ-نووسراوە ڕەسمیەکان[1]

### ١-بڕیاری دەسەڵاتەکانی دادگای شۆڕش.

**رقم التشريع/ ١٠١٦**

**سنه التشريع/ ١٩٧٨**

إستناداً إلى أحكام الفقرة (أ) من المادة (٤٢) من الدستور المؤقت، قرر مجلس قيادة الثورة بجلسة المنعقدة بتأريخ ١/٨/١٩٦٨ ما يلي:

مادة/١:

تخص محكمة الثورة في النظر والفصل في الجرائم التالية:

١-الجرائم الماسة بأمن الدولة الداخلي والخارجي المنصوص عليها في المواد من (١٥٦-٢٢٢) من قانون العقوبات.

٢-الجرائم المنصوص عليها في قانون معاقبة عملاء المخابرات الأجنبية رقم (١٤١)، لسنة ١٩٧٤ المعدل.

٣-الجرائم الواقعة على السلطة العامة المنصوص عليها في المواد (٢٢٣-٢٢٦) من قانون العقوبات.

٤-الجرائم المنصوص عليها في قانون معاقبة الوساطة غير المشروعة رقم (٨) لسنة ١٩٧٦.

٥-جرائم الرشوة المنصوص عليها في المواد (٣٠٧-٣١٤) من قانون العقوبات.

٦-جرائم الاختلاس المنصوص عليها في المواد (٣١٥، ٣١٦، ٣١٨، ٣٢٠)

(١) بطانة السلطان-طالب الحسن-بغداد ط٢/٢٠١٠

من قانون العقوبات.

٧–الجرائم الماسة بالإقتصاد القومي والتجارة المنصوص عليها من المواد من (٩–١٥) من قانون تنظيم التجارة رقم (٢٠) لسنة (١٩٧٠).

٨–الجرائم الماسة بالإقتصاد القومي والثقة المالية للدولة المنصوص عليها في المواد (٢٨٠، ٢٨١، ٣٠٤، ٣٠٥) من قانون العقوبات.

٩–جرائم المخدرات المنصوص عليها في المادة (١٤) من قانون المخدرات رقم (٦٨) لسنة ١٩٦٥ المعدل.

١٠–جرائم تسلل الأجانب المنصوص عليها في المادة (٢٧/١) من قانون إقامة الأجان رقم (٣٦) لسنة (١٩٦١) المعدل والمادة (٢٤/١) من قانون إقامة الأجانب رقم (١١٨) لسنة ١٩٧٨.

١١–جرائم السرقة في الطرق العامة (السلب) المنصوص عليها في المادة (٢٤١) من قانون العقوبات.

١٢–جرائم الأسلحة المنصوص عليها في المادتين (٢٩/٣٠) من قانون الأسلحة رقم (١٥١) لسنة (١٩٦٨) المعدل وكذلك الجرائم المنصوص عليها في قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (٨٠٧) والمؤرخ في ١٩٧٥/٧/٢٩.

١٣–جرائم الاعتداء والاغتصاب المنصوص عليها في الفقرة (اولاً) من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (٤٨٨) في ١٩٧٨/٤/١.

١٣–أية جريمة أخرى ينص عليها في قانون خاص أو يقرر رئيس الجمهورية أو من يخوله أحالتها على محكمة الثورة.

مادة/٢:

تعاد جميع القضايا المحالة إلى محكمة الثورة التي لم تدخل اختصاصها

وفقاً لأحكام هذا القرار إلى الحاكم المختص للنظر والفصل وفق الأصول.

مادة/٣:

يلغى أي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القرار.

مادة/٤:

ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية، ويتولى الوزراء تنفيذ أحكامه.

**أحمد حسن البكر**

**رئيس مجلس قيادة الثورة**

کتێبخانەی هەولێرنامە

## ٢-بڕیاری پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ نازم کزار:

**قرار رقم (٥٣٩) في ٢ تموز /١٩٧٣**

إستناداً إلى أحكام الفقرة (أ) من المادة (٤٢) من الدستور المؤقت، قرار مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في (١) تموز /١٩٧٣ مايلي:

**١-تشكيل هيئة تحقيقية خاصة على الشكل التالي:**

أ-سعدون شاكر رئيساً

ب-كاظم مسلم عضو.

**جـ-عبدالصمد عبدالحميد عضو**

٢-تخول الهيئة التحقيقية كافة صلاحيات حاكم التحقيق، للتحقييق مع ناظم كزار وزمرته.

هەواڵنامەی کتێب

**أحمد حسن البكر**

**رئيس مجلس قيادة الثورة**

## ٣-بڕیاری دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لە عێراق[(١)]:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**مجلس القيادة الثورة**

**قرار رقم ٦٦٦**

إستناداً إلى أحكام الفقرة (أ) من المادة (٤٢) من الدستور المؤقت قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ (١٩٨٠/٥/٧) مايلي:

١-تسقط الجنسية العراقية عن كل عراقي من أصل أجنبي إذا تَبينَ عدم ولائه للوطن والشعب والأهداف القومية والإجتماعية العليا للثورة.

٢-على وزير الداخلية أن يأمر بإبعاد كل من أسقطت عنه الجنسية العراقية بموجب الفقرة (أ) مالم يقتنع بناءاً على أسباب كافية بأن بقاءه في العراق أمر تستدعيه ضرورة قضائية أو قانونية أو حفظ حقوق الغير الموثوقة رسمياً.

٣-يتولى وزير الداخلية تنفيذ هذا القرار.

**صدام حسين**

**رئيس مجلس قيادة الثورة**

---

(١) سەرچاوە:

وثائق لا تموت-عبدالهادي الركابي-ط١، ص٥١، ٢٠٠٨-عن شبكة الأنترنت.

## ٤- نموونەیەك لە بڕیارەكانی دادگای شۆڕش[1]:

**رئاسة محكمة الثورة –بغداد**

**عدد الدعوة ١٦١٤/١٩٧١ م**

**التأريخ/١٥-١٢-١٩٧١**

### قرار الحكم

تشكلت محكمة الثورة بتأريخ (١/١٢/١٩٧١) برئاسة السيد مسلم هادي موسى، والمقدم الحقوقي داود سلمان شريان والمقدم الحقوقي عدنان عمران حسين، وصدر باسم الشعب القرار التالي:

أ–الحكم على كل من:

نوري عودة متنحي، سامي عودة متنحي، طعمة عبدالحسين، صباح فيصل صالح، عبدالواحد سالم جهود، قاسم حمودي عبدالرضا، سمير عبدالكريم نجم، راسل صابر عبود، عبد الكاظم عبدالله حمود، فليح عابد الحسين، داود عبد علي.

بالإعدام شنقاً حتى الموت. وفق المادة (١٥٨، ١٩٠) من ق. ع بدلالة المواد (٤٦، ٥٠، ٣٥) ومصادرة أموالهم المنقولة وغير المنقولة.

٢–الحكم على كل من:

عبدالحسين قاسم فضل، عبدالكريم صبري مكي، فؤاد جابر مبارك.

---

(١) وثائق لا تموت –عبدالهادي الركابي –ط١–٢٠٠٨ ص٢٦.

بالسجن المؤبد وفق المادة (١٨٥، ١٩٠) من ق.ع بدلالة المواد (٤٧، ٥٠، ٥٣، ٧١) من ق. ع. على أن تحتسب موقوفيتهم ومصادرة أموالهم المنقولة وغير المنقولة.

صدر القرار بالإتفاق وأعلن علناً في ١٩٧١/١٢/١٥

| | | |
|---|---|---|
| **المقدم الحقوقي** | **المقدم الحقوقي** | **السيد** |
| **عدنان عمران** | **داود سلمان** | **مسليم هادي موسى** |
| | | **رئيس محكمة الثورة** |

هەواڵنامەی کتێب

### ٥-لەسێدارەدانی هاوڵاتیانی کوردستان لەلایەن ئەمنی سلیمانی[(١)]:

بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية أمن السليمانية

العدد/١٠٠٢

التأريخ/ ١٥-١-١٩٨٨

إلى/ مستشفى السليمانية العسكري

م/ تنظيم شهادة الوفاة

نرسل إليكم المجرمين المدرجة أسمائهم أدناه والذين تم إعدامهم بناءً على أمر المراجع العليا لتواجدهم في قرى محذورة أمنياً، يرجى تنظيم شهادات وفاة لهم وأعلامنا ... مع التقدير.

عقيد الأمن

مدير أمن السليمانية

(١) وثائق لاتموت-عبدالهادي الركابي، ط١، ٢٠٠٨، بغداد، من شبكة الأنترنت، ص١٨.

عەوالنامەی کێب

**الأسماء**

١–محمود أحمد عزيز فقي محمد السوراني.

٢–حمة طاهر حسن عبدالرحمن السوراني.

٣–عبدالله صالح رشيد عمر الكوراني.

٤–جمال إبراهيم حسين قادر الكوراني.

٥–محمد نجم عزيز محمود الزندي.

٦–كاروان حسين عبدالرحمن حسن السوراني.

٧–أبو بكر عثمان سعيد فتح الله السوراني.

٨–محمد فرج فتاح محمد السوراني.

٩–مصطفى حمة شريف شاسوار الكوراني.

کتێبی ئەلیکترۆنی

## ٦-کوشتنی هاوڵاتیان بە بەکارهێنانی ژەهری سالیوم

### ڕاپۆرتی پزیشکی

### د. ڕۆنالد زیگن

پزیشکی ڕاوێژکار و سەرۆکی بەشەکانی گەدە و ریخۆڵـە لـە نەخۆشـخانەی سنتمستر (لەندەن) و نەخۆشخانەی ستیڤن:

### ڕا پۆرتی پزیشکی

نەخۆش: مەجدی جیهاد، تەمەن (٤٠) ساڵ

نەخۆش گەیشتە نەخۆشخانەی و ستنمستر لە ژێر چاودێری د. جبیر بە مێژووی (٧مارس)، د. جبیر لە راپۆرتەکەی بەدوورودرێژی کێشەکە دەخاتە ڕوو تا کاتی وەرگیرانی لە نەخۆشخانە.

د. جـبیر داوای لێکـردم چـاوم بـە نەخۆشـەکە بکـەوێت بـەهۆی چـەند حاڵـەتێکی جـەرگی نەخۆشـەکە کـە ناسروشـتیە، کـەرتکردنی جگـەری نەخۆشەکە من بە کارێکی نا ئەقڵانیم دەزانی کەبۆی کرابوو، برینی جەرگەکە دیارە بەهۆی ئەوەوە بـووە کـە نـەخۆش تووشـی هـەوکردنی جـەرگ بـووە و هۆیەکی دەرنەکەوتبوو. پاشان بە رەسمی من بوومە راوێـژکاری پزیشـکی لـە ١٢ مایس، لەو کاتانەدا نـەخۆش نیمچـە ئـیفلج ببـوو، هـەروەها نەخۆشـیەکی ترسناك بوو.

پزیشکی راوێژکاری پێستیش چاوی بە نەخۆش کـەوتبوو، هـەردوو دکتـۆر (کولیهمـان) و (سـتونون) بیروبۆچـوونیان وابـوو نـەخۆش خـوێنی ژەهـراوی بووە. خـوێنی نـەخۆش لـە تاقیگـا پشـکنینی بـۆ کـرا، ئەنجامـەکانی نـەرێنی بوون، هەر لەبەر ئەوەی پەڵە خوێنەکان چڕبوونەوە (جۆری ستافیلو) ئەوا بە

شێوەیەکی تووند بەهۆی (فلوکلوکسین) و (فوسیدین) چارەسەرمان کرد بە بەستنەوەی خوێن هێنەرەکە بە خێرایی فیچقە و دەردانە پێستیەکانی چارەسەر کرد، هەر بەهۆی گەڕان و پشکنینی فراوان، خەسڵەتی گرینگ بە بوونی بڕێکی گەورەی مادەی –سالیۆم– هەبوو لە میز و خوێنی نەخۆش.

بێگومان (دەرکەوت) کە نەخۆش لە قۆناغێکدا بڕێکی ناسروشتی مادەی سالیۆمی ژەهراوی وەرگرتووە، هەروەها بەپێی ڕێنمایی د. (گولدنگ) ئەوا بە هۆی (ئازرن برلین) چارەسەرمان بە بۆڕی لە لووت بۆ گەدەی بۆ کرد، لەگەڵ چەند کارێکی دیکە.

لە مێژووی (١٤ مایس) نەخۆش تووشی پرچ وەرین بوو، بەهۆی پشکنینەوە بۆمان دەرکەوت کە نەخۆش مادەی سالیۆمی ژەهراوی پێدراوە.

لە ماوەی چارەسەرکردنی نەخۆش بە دەرمانی (ئازرن برلین)، ئەوا ڕووی لە باش بوون دەکرد و ڕێژەی سالیوم لەناو میز و خوێنی کەم دەبۆوە، چاکبوونەوەی گەیشتە ئاستێك کە توانی خزم کەسانی بناسێتەوە.

لە (٢٨/مایس) دیاردەکانی تێکچوونی دەماغی لێدەرکەوت، تووشی ئێش و ئازار ببوو، هەڵدەچوو، بە توونـدی دەستی دەوەشاند، حاڵەتی جۆرێکی ناسروشتی بوو، هەوڵماندا ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکی دەروونی بکەین، ئەو بەباشی زانی دەرمانی هێورکردنەوەی پێ بدرێت.

بەڵام بە داخەوە تووشی نەخۆشی سییەکان ببوو، سەرەڕای هەوڵدان بۆ چارەسەری، لە کاتژمێر (٢) پاشنیوەڕۆی (١٦ /حوزەیران/١٩٩٢) کۆچی دوایی کرد.بۆمان دەرکەوت کە هۆی ئەو نەخۆشییە مادەی ژەهراوی سالیوم بوو کە پێی درابوو.

## ب-زیندانە ئاشکراکانی رژێم لە سەرانسەری عێراق[(١)]

١–زیندانی ئەبو غریب، رێگای بەغداد –فەلوجە

٢– زیندانی –ئەلزەعفەرانیە، بەغداد.

٣– گرتووخانەی ئاسایشی گشتی، کەرادە–بەغداد.

٤– گرتووخانەی ئاسایشی بەغداد، شەقامی (٥٢) کەرادە

٥– زیندانی سەبازگەی رەشید،بەغداد.

٦– زیندانی سەربازگەی تاجی، بەغداد.

٧ – زیندانی زەعفەرانیە بۆ ژنان ، زەعفەرانیە–بەغداد

٨– زیندانی هۆبەی چوارەم–ئیستخبارات–وەزارەتی بەرگری– بغداد .

٩– زیندانی حارسیەی سەربازی ، بەغداد.

١٠–گرتووخانەی رحیبیە– بەغداد.

١١–زیندانی زەعفەرانیە بۆ پیاوان–زەعفەرانیە–بەغداد.

١٢–گرتووخانەی ئاسایش رەسافە–بەغداد.

١٣–گرتووخانەی ئاسایشی کازمییە–بەغداد.

١٤–گرتووخانەی ئاسایشی عتیفیە–شاری کازمیە بەغداد.

١٥–گرتووخانەی راشدیە.

١٦–گرتووخانەی (١) ئاسایشی شاری –ئەلحوریە–بەغداد.

١٧–گرتووخانەی (٢) ئاسایشی شاری –ئەلحوریە –بەغداد.

---

(١) محمد حسین بزي–صدام حسین –الحقیقة المغیبة، دار الأمیر –بیروت–ط١/٢٠٠٨.

١٨- گرتووخانەی ئاسایشی شاری ئەلسەورە-بەغداد.

١٩- گرتووخانەی سلیخ-سەبع ئەبکار-بەغداد.

٢٠-گرتووخانەی سەلمان باك-بەغدد.

٢١-گرتووخانەی سەید محەمەد -بەغداد.

٢٢-گرتووخانەی ئاسایشی ئەلدورە-بەغداد.

٢٣-گرتووخانەی ئاسایشی شوعلە-بەغداد.

٢٤-گرتووخانەی گەڕەکی ئەلعەدل-بەغداد.

٢٥-گرتووخانەی پۆلیسی سەرای-بەغداد.

٢٦-گرتووخانەی تارمیە-تارمیە -بەغداد.

٢٧-گرتووخانەی بەغدادی جدیدە -بەغداد.

٢٨-گرتووخانەکانی پاسەوانی کۆماری لە چەند ناوچەیەکی پارێزگای بەغداد.

٢٩-گرتووخانەکانی جەیشی شەعبی -لە چەند ناوچەیەکی پارێزگای بەغدا.

٣٠-گرتووخانەکانی ئاسایشی تایبەتی سەدام -بەغداد.

٣١-گرتووخانەکانی ئیستخباراتی سەربازی لە چەند ناوچەیەکی بەغداد.

٣٢-گرتووخانەی بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەی گشتی-بەغداد.

٣٣-گرتووخانەی پۆلیسی سەربازی گشتی -بەغداد.

٣٤-زیندانی (ئەلمەحمودیە) قەزای مەحمودیە -بەغداد.

٣٥-گرتووخانەی ئاسایشی یوسفییە-ئەلیوسفیە -پارێزگای بابل.

مەوالنامەی کتێب

٣٦–گرتووخانەی ئاسایشی موسەیب –ئەلموسەیەب–پارێزگای بابل.

٣٧–گرتووخانەی مەحاویل–ئەلمەحاویل – پارێزگای بابل.

٣٨–گرتووخانەی (سەدەت ئەلهندیە) –قەزای ئەلهندیە –پارێزگای بابل.

٣٩–گرتووخانەی ئەسکەندەریە، ئەسکەندەریە، پارێزگای بابل.

٤٠–گرتووخانەی مەدحەتیە، مەدحەتیە، پارێزگای بابل.

٤١–گرتووخانەی هاشمیە، هاشمیە، پارێزگای بابل.

٤٢–گرتووخانەی حەمزە، ئەلحەمزە، پارێزگای بابل.

٤٣–گرتووخانەی قاسم، ئەلقاسم، پارێزگای بابل.

٤٤–گرتووخانەی کفل، ئەلکفل، پارێزگای بابل.

٤٥–گرتووخانەی ئاسایشی تویرج، ئەلتویرج– پارێزگای بابل.

٤٦–زیندانی گەورەی حلە، ئەلحلە –پارێزگای بابل.

٤٧–گرتووخانەی ئاسایشی حلە–ئەلحلە –پارێزگای بابل.

٤٨–زیندانی تەهمازیە– ئەلحلە– پارێزگای بابل.

٤٩–گرتووخانەی کوفە–ئەلکوفە– پارێزگای نەجەف.

٥٠–گرتووخانەی ئاسایشی نەجەف– پارێزگای نەجەف.

٥١–زیندانی نەجەف– پارێزگای نەجەف.

٥٢–زیندانی کمیل (لە ژێر زەوی) پارێزگای نەجەف.

٥٣–گرتووخانەی –خان موسەلی– پارێزگای نەجەف.

٥٤–گرتووخانەی حەی سەعد –پارێزگای نەجەف.

٥٥–گرتووخانەی واقیسە – پارێزگای نەجەف.

هەولێرنامەی کتێب

٥٦–گرتووخانەی بیئر ئەلنسف –پارێزگای نەجەف.

٥٧–گرتووخانەی ئەلسوکەر –پارێزگای نەجەف

٥٨–گرتووخانەی ئوم ئەلقرون –پارێزگای نەجەف

٥٩–گرتووخانەی ئەلسەحن (شاری نەجەف) پارێزگای نەجەف.

٦٠–گرتووخانەی ئەلقیشی– پارێزگای کەربەلا.

٦١–زیندانی –حەی ئەلعەباسی –پارێزگای کەربەلا.

٦٢–گرتووخانەی (بەحر ئەلملح) –پارێزگای کەربەلا.

٦٣–گرتووخانەی ئەلرەزازە– پارێزگای کەربەلا.

٦٤–گرتووخانەی سەید محەمەد –پارێزگای کەربەلا.

٦٥–گرتووخانەی خان نەخیل –پارێزگای کەربەلا.

٦٦–گرتووخانەی هەواڵگری (شاری کەربەلا) –پارێزگای کەربەلا.

٦٧–زیندانی ئەخیزر – پارێزگای کەربەلا.

٦٨–زیندانی عەین تەمر – پارێزگای کەربەلا.

٦٩–زیندانی دیوانیە– دیوانیە –پارێزگای قادسیە.

٧٠–زیندانی شامیە–ئەلشامیە–پارێزگای قادسیە.

٧١–گرتووخانەی ئاسایشی دیوانیە–پارێزگای قادسیە.

٧٢–گرتووخانەی شنافیە –پارێزگای قادسیە.

٧٣–گرتووخانەی شامیە–پارێزگای قادسیە.

٧٤–گرتووخانەی سەید عەباس– پارێزگای قادسیە.

٧٥–زیندانی قەڵای جەفر– پارێزگای قادسیە.

٧٦–زیندانی ڕەواشد –پارێزگای قادسیە.

٧٧–زیندانی عفك –پارێزگای قادسیە.

٧٨–گرتوخانەی قەڵای مەجنون–پارێزگای قادسیە.

٧٩–گرتووخانەی ئەبو تەبیخ –پارێزگای قادسیە.

٨٠–زیندانی سەماوە شاری–سەماوە– پارێزگای موسەنا.

٨١–زیندانی رمیسە–رمیسە–پارێزگای موسەنا.

٨٢–گرتووخانەی حافز – پارێزگای موسەنا.

٨٣–گرتووخانەی جتات –پارێزگای موسەنا.

٨٤–گرتووخانەی قەسیر –پارێزگای موسەنا.

٨٥–گرتووخانەی حەمدانیە –پارێزگای موسەنا.

٨٦–زیندانی نوگرە سەلمان –شاری سەلمان–پارێزگای موسەنا.

٨٧–زیندانی –سەماوە (ژێر زەوی) سەماوە–پارێزگای موسەنا.

٨٨–گرتووخانەی ئەبتیە– پارێزگای موسەنا.

٨٩–زیندانی کوتی ناوەندی–شاری کوت–پارێزگای واست.

٩٠–گرتووخانەی ئاسایشی حەی– پارێزگای واست.

٩١–گرتووخانەی ئاسایشی کوت–پارێزگای واست .

٩٢–گرتووخانەی نوعمانیە –پارێزگای واست.

٩٣–گرتووخانەی بەدرە– پارێزگای واست.

٩٤–گرتووخانەی عەزیزیە–پارێزگای واست.

٩٥–گرتووخانەی سویرە–پارێزگای واست.

هەوالنامەی کتێب

٩٦-گرتووخانەی جەسان- پارێزگای واست.

٩٧-زیندانی عیمارەی ناوەندی -عمارە-پارێزگای میسان.

٩٨-گرتووخانەی ئاسایشی عمارە-پارێزگای میسان.

٩٩-گرتووخانەی ئاسایشی -مەجەری گەورە-پارێزگای میسان.

١٠٠-گرتووخانەی -عەلی غەربی-پارێزگای میسان.

١٠١-زیندانی قەڵای سالح-پارێزگای میسان.

١٠٢-گرتووخانەی قەڵای ساڵح-پارێزگای میسان.

١٠٣-گرتووخانەی ئەلعوزیر- پارێزگای میسان.

١٠٤-گرتووخانەی کەحلاء -پارێزگای میسان.

١٠٥-گرتووخانەی کەیارە- پارێزگای میسان.

١٠٦-گرتووخانەی ئاسایشی ناسریە-پارێزگای زیقار.

١٠٧-گرتووخانەی حەلفاوی-پارێزگای واست.

١٠٨-زینانی ناوەندی ناسریە-پارێزگای زیقار.

١٠٩-گرتووخانەی قەڵای سوکەر - پارێزگای زیقار.

١١٠-گرتووخانەی ئاسایشی سوق ئەلشیوخ-پارێزگای زیقار.

١١١-گرتووخانەی ریفاعی- پارێزگای زیقار.

١١٢-گرتووخانەی شەترە-پارێزگای زیقار.

١١٣-گرتووخانەی جبایش - پارێزگای زیقار.

١١٤-گرتووخانەی یاسین-پارێزگای زیقار.

١١٥-گرتووخانەی بەتحاء-پارێزگای زیقار.

هەواڵنامەی کتێب

١١٦–گرتووخانەی سوق ئەلشیوخ– پارێزگای زیقار.

١١٧–گرتووخانەی ئەلخوزر – پارێزگای زیقار.

١١٨–گرتووخانەی ئەلفریشە – پارێزگای زیقار.

١١٩–زیندانی بەسرەی ناوەندی– پارێزگای بەسرە.

١٢٠–گرتووخانەی ئاسایشی بەسرە– پارێزگای بەسرە.

١٢١–گرتووخانەی قوڕنە– پارێزگای بەسرە.

١٢٢–گرتووخانەی جبایش – پارێزگای بەسڕە.

١٢٣–گرتووخانەی هاریسە – پارێزگای بەسرە.

١٢٤–گرتووخانەی ئەبولخەسیب–پارێزگای بەسرە.

١٢٥–زیندانی زوبیر – پارێزگای بەسرە.

١٢٦–گرتووخانەی ئاسایشی زوبیر– پارێزگای بەسرە.

١٢٧–گرتووخانەی فاو– پارێزگای بەسرە.

١٢٨–گرتووخانەی کوت زین –پارێزگای بەسرە.

١٢٩–گرتووخانەی ئوم قەسر–پارێزگای بەسرە.

١٣٠–زیندانی رومیلە –پارێزگای بەسرە.

١٣١–گرتووخانەی عەشار – پارێزگای بەسرە.

١٣٢–گرتووخانەی شەلامچە –پارێزگای بەسرە.

١٣٣–زیندانی شعیبەی سەربازی–پارێزگای بەسرە.

١٣٤–زیندای بەعقوبە–پارێزگای دیالە.

١٣٥–گرتووخانەی خان بەنی سەعد –پارێزگای دیالە.

هەواڵنامەی کتێب

١٣٦-گرتووخانەی میقدادیە -پارێزگای دیالە.

١٣٧-زیندانی مەندەلی-پارێزگای دیالە.

١٣٨-زیندانی خانەقین- پارێزگای دیالە.

١٣٩-گرتووخانەی جەلەولا -پارێزگای دیالە.

١٤٠-گرتووخانەی خالّس-پارێزگای دیالە.

١٤١-گرتووخانەی جەدید ئەلشەت - پارێزگای دیالە.

١٤٢-زیندانی سامەرا-پارێزگای سەلاحەدین.

١٤٣-گرتووخانەی ئاسایشی سامەرا-پارێزگای سەلاحەدین.

١٤٤-گرتووخانەی ئاسایشی بێجی-پارێزگای سەلاحەدین.

١٤٥-زیندانی بێجی- پارێزگای سەلاحەدین.

١٤٦-گرتووخانەی ئاسایشی تکریت- پارێزگای سەلاحەدین.

١٤٧-گرتووخانەی تایبەتیەکانی تکریت-پارێزگای سەلاحەدین.

١٤٨-گرتووخانەی بەلەد-پارێزگای سەلاحەدین.

١٤٩-گرتووخانەی دەریاچەی سەرسار- پارێزگای سەلاحەدین.

١٥٠-زیندانی رەمادی-پارێزگای ئەنبار.

١٥١-گرتووخانەی ئاسایشی رەمادی -پارێزگای ئەنبار.

١٥٢-گرتووخانەی فەلوجە -پارێزگای ئەنبار.

١٥٣-گرتووخانەی ئاسایشی رەمادی -پارێزگای ئەنبار.

١٥٤-گرتووخانەی ئاسایشی عانە -پارێزگای ئەنبار.

١٥٥-گرتووخانەی قائیم-پارێزگای ئەنبار.

١٥٦–گرتووخانەی روتبە–پارێزگای ئەنبار.

١٥٧–زیندانی کەرکوکی ناوەندی–پارێزگای تأمیم.

١٥٨–گرتووخانەی سەربازی حەبانیە–پارێزگای ئەنبار.

١٥٩–گرتووخانەی ئاسایشی کەرکوك–پارێزگای تأمیم.

١٦٠–گرتووخانەی ئاسایشی دوزخورماتوو–پارێزگای تأمیم.

١٦١–گرتووخانەی کفری–پارێزگای تأمیم.

١٦٢–گرتووخانەی ئیستخباراتی سەربازی کەرکوك–پارێزگای تأمیم.

١٦٣–گرتووخانەی چەمچەماڵ– پارێزگای تأمیم.

١٦٤–گرتووخانەی حەوێجە –پارێزگای تأمیم.

١٦٥–گرتووخانەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیس–کەرکوك–پارێزگای تأمیم.

١٦٦–زیندانی سلێمانی–پارێزگای سلێمانی

١٦٧–گرتووخانەی ئاسایشی سلێمانی–پارێزگای سلێمانی.

١٦٨–گرتووخانەی ئیستخباراتی –سەربازی سلێمانی–پارێزگای سلێمانی.

١٦٩–گرتووخانەی هەڵەبجە –پارێزگای سلێمانی.

١٧٠–گرتووخانەی قەڵادزە –پارێزگای سلێمانی.

١٧١–گرتووخانەی رانیە–پارێزگای سلێمانی.

١٧٢–گرتووخانەی پێنجوین –پارێزگای سلێمانی.

١٧٣–زیندانی سوسێ–پارێزگای سلێمانی.

١٧٤–زیندانی دوکان – پارێزگای سلێمانی.

١٧٥–زیندانی هەولێری ناوەندی–پارێزگای هەولێر.

١٧٦–گرتووخانەی ئاسایشی هەولێر –پارێزگای هەولێر.

١٧٧–زیندانی قەڵا–پارێزگای هەولێر.

١٧٨–گرتووخانەی رەواندوز –پارێزگای هەولێر.

١٧٩–گرتووخانەی سەلاحەدین–پارێزگای هەولێر.

١٨٠–گرتووخانەی شەقڵاوە –پارێزگای هەولێر.

١٨١–گرتووخانەی حاجی ئۆمەران–پارێزگای هەولێر.

١٨٢–زیندانی دهۆك–پارێزگای دهۆك.

١٨٣–گرتووخانەی ئاسایشی دهۆك–پارێزگای دهۆك.

١٨٤–گرتووخانەی ئاسایشی ئاکرێ–پارێزگای دهۆك.

١٨٥–گرتووخانەی ئاسایشی ئامێدی–پارێزگای دهۆك.

١٨٦–گرتووخانەی ئاسایشی زاخۆ–پارێزگای دهۆك.

١٨٧–گرتووخانەی ئیستخباراتی سەربازی دهۆك–پارێزگای دهۆك.

١٨٨–زیندانی موسڵی ناوەندی–پارێزگای موسڵ.

